نووسەری کورد 2008

2008-02-17

# دەربارەی شیعر و شاعیری

حەمە کەریم عارف

2007

# پێرست

1-وتەیەك....مەحەكی شیعر
2-هەزار توێی شیعری نوێخوازی
3-مەرگی شیعر
4-سۆسیۆلۆجیای شیعر كوژی
5-ڕاوە خەیاڵ
6-شیعرییەت یەكسانە بە ئەفسانەسازی
7-دەربارەی شیعرو شاعیری      نوسینی:ڕەزا بەراهەنی

# وتەیەك

## مەحەكی شیعر

حەمە كەریم عارف

هەمووماندەزانین لەبەرەبەیانی پەیدابوونی مێژووەوە بەشەریەت خولیای نەمری كەوتووەتە سەرو ڕێگای جۆراوجۆری بۆ وەدەستهێنانی ئەو كەڵكەیە گرتووەتەبەر. یەكێك لەو هەولأنە شیعر بووە. دیارە بە درێژایی مێژوو خەڵكانێكی زۆر خۆیان لەم بوارەدا جەڕباندووەو كەسانێكی زۆر كەم گەییونەتە ترۆپكی شیعرو عەرشی شیعریان ئاوەدان كردووەتەوە. بۆ نموونە تەنیا یەك (حافیز) یان یەك( شەكسپیر) لەم دنیایەدا هەن. ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڵگەی ئەوەیە كە ڕازێك لە شیعردا هەیەو بە هەموو كەس هەڵنایەت، بۆیە شاعیر لەسەرییەتی كار بۆ دۆزینەوەو نیشاندان و شیعراندنی ئەو ڕازە بكات، دەنا شەوو ڕۆژ لافی شاعیری لێبدات، لە هەرزەبێژێ بەولاوە چیتر نییە. و بەگەڵ كاروانی ڕۆشنبیركوژی دەكەوێ و... شاعیر لەسەرێتی خۆی لە تەجرەبیاتی ڕەمەكی مەردم دا غەرق بكات، بێ ئەوەی مەسخ ببێ، شاعیر لەسەرێتی بەزەبری شیعر كار بۆ شۆرەتی نەتەوەیی و جیهانی خۆی بكات بێ ئەوەی ببێ بە توفەیلی و مشەخۆری دام و دەزگا جۆراو جۆرەكان و كورسی هەرەبەرزی شیعر واز لێبێنێ و خۆی لە سوچ و كەلێنی ڕۆژنامانی بازاڕی بخزێنێ . شاعیر نابێ سایەنشینی كەس قەبوڵ بكات، چونكە شاعیر داهێنەرەو دەبێ هەر بەداهێنەری بمێنێتەوە، شاعیر گەر داوای نەنووسینی لێكرا، دەبێ سورتربێ لەسەر نووسین، نەگووتەنییەكان بكات بەڕەمزو بە خەڵكی بڵێ، شاعیر هەمیشە دەبێ بەدەنگی بەرز بانگەوازی (اناالشعر) بكات و دنیا بكات بە چراخانێك ئەوسەری دیار نەبێ..بەلأم ئەمە مانای وانییە هەرشیعارێك بە شیعر بزانرێ، چونكە ئەم جۆرە شیعارانە نە بایەخی هونەرییان دەبێ و نە كاریگەری ڕۆشنبیری، ئەگەرچی ڕەنگە لە هەندێ قۆناغ دا بایەخێكی ڕەوتەنی كۆمەلأیەتی هەبێ. هەر شیعارێك بگری، هەوێنی مەرگی خۆی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە.. شیعرییەت و حەساسییەتی شیعری ناسنامەی ڕاستەقینەی هەر شیعرێكی زندوو و نەمرەو هەر شیعرێكی ڕەسەنیش بگری خۆبەخۆ پەیامی مرۆڤایەتی و مرۆڤپەروەری لەخۆ دەگرێت و لەوە دوور دەكەوێتەوە كە ببێ بە دەهۆڵ وزوڕنای هیچ دەسەلأت و دۆزێك، و ناچێتە سایەی هیچ تەقسیم بەندییەكی سیاسیانە و دەستكردەوە: شاعیر سایەنشینی كەس قەبوڵ ناكات، چونكە بەخۆی خودان عەرشە، خودانی جوانترین عەرشە، ئەویش عەرشی بێ هاوتای عەزیمی شیعرە و گەر شاعیر بەهەر عەرشۆكەیەكی دیكەی بگۆڕێتەوە، خوای شیعردەیگرێ..

# هەزار تویێی شیعری نوێخوازی

**(1)**

شیعر بە گوێرەی سروشتی هونەریانەی خۆی دەبێ هەندێ ئاڵۆزو تا رادەیەك تەم و مژاوی بێ، بەڵام ئاڵۆزی و تەم و مژاوییەکی ناسك و هونەریانە، هەڵبەتە ئەم ئاڵۆزییە وێڕای تەبیعەتی هونەریانەی خودی شیعر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەرەستە زمانەوانییەی کە پێکیدێنێ و بۆ ئەو سەرچاوەی هەستە دەروونییەی کەلێوەی هەڵدەقوڵێت.

بەهەر حاڵ ململانێیەك هەیە لە نێوان روونخوازانی شیعرو ئاڵۆزخوازانی شیعرداو ئەمە هەر لە کۆنەوە مشت ومڕی لەسەر بووەو تا رۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامە) بەڵام پێم وایە تای تەرازوو بەلای ئاڵۆزیدا قورسە، چونکە تەبیعەتی شیعر جۆرێك لە ئاڵۆزی تێدایە کە لە هونەرییەتی شیعرەکە نایەتە دابڕان، بۆیە زۆر کەس پێیان وایە شیعری چاك ئەوەیە کە بڕێك ئاڵۆز بێ و بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات، تا درەنگتر خۆی بەدەستەوە بدات سیحرو ئەفسوونی پتر دەبێت. تا پتر روون و ئاسان بێ زیاتر لە هونەرییەت دەکەوێت و دەبێ بەشتێکی سواوی بازاڕی و بێ تام و لەزەت. دیارە شیعر تا پتر ئاوێتەی دەرونی مرۆڤ بێت و لەگەڵ ناخی مرۆڤدا مامەڵە بکات پتر تەم و مژی دەکەوێتە سەر، ئەمە جگە لە کاریگەری شارەزایی و رۆشنبیریی و خوێنەواری شاعیر، چەند سەرچاوە رۆشنبیرییەکانی شاعیر فرەترو دەوڵەمەندتر بێ، ئاڵۆزی و قورسی شیعرەکەی زۆرتر دەبێت، هەڵبەتە هیچ شاعیرێکی رەسەنیش نە بەبێ رۆشنبیری هەڵدەکات و نە لە رۆشنبیری دادەبڕێت. رۆشنبیریی بۆ شاعیر زۆر پێویستە، لەلایەکەوە شیعرەکەی پەرداخت دەکات و لەتیف تیفەی دەدات و بەهرەو توانای شیعری دەگەشێنێتەوە، هەست و سۆزی پەرچ دەکات و ئاسۆی خەیاڵی بەرین دەکات، لەلایەکی دیکەوە زەین و هۆشی دەبزوێنێ. جا بەم پێیە رۆشنبیریی دەکاتە گرنگترین میکانیزمی داهێنانی شیعری و ئامرازی ئەفراندن. هەرگیز بەهرە بەتەنیا دادی شاعیر نادات و شیعری رەسەن و جاویدان ناخولقێنێ. کەواتە پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوان شیعرو رۆشنبیریدا هەیە. هەمووشمان دەزانین کە ئەمڕۆکە شاعیر لەبەردەم تەقینەوەیەکی ئەبستمولۆژی یەجگار گەورە و هەمەلایەن و ئاڵۆزدایە، بۆیە ئەم تەقینەوە ئەبستمولۆژییە چڕو دەوڵەمەندە تێکەڵاوی ئەزموونی شاعیری نوێئاوەر دەبێت و لە دەقی شیعردا رەنگدەداتەوە و قووڵی و مەودایەکی دەوڵەمەندی نێوەرۆکی پێدەبەخشێت. هەڵبەتە نێوەرۆکی دەوڵەمەند و ئاڵۆز، تەکنێکی ئاڵۆزو بەتەمومژ دەخوازێت. بۆیە لەوەیە لە باری هونەرییەوە گوزارشت لە حەقیقەتی گران و قورس بەدەستەواژەی سووك و بازاڕی، بچێتە خانەی خیانەتەوە.

هەڵبەتە تا سەرچاوە رۆشنبیرییەکانی شاعیر فراوانتر بن، ئەگەری دەقاندەق ئاڵۆزتر و زیاتر دەبێت و جۆرە ئاڵۆزی و تەمتومانێك بەدەقی شیعری دەبەخشێت. چونکە دەقاندەق (تناص) دەکاتە تۆڕێکی ئاڵۆزی کۆمەڵە دەقێکی فرەو هەمە رەنگ کە زانستی و ئەدەبی، کۆن و نوێ،

مێژوویی و ئەفسانەیی و خودی و بابەتی یەکدی تێدادەبڕن بە کورتی جولیاکریستیفا گوتەنی دەقاندەق دەکاتە (هەڵمژین و گۆڕینی کۆمەڵە دەقێکی دی).

لایەنێکی دیکەی ئاڵۆزاندنی شیعر، بیرە، پێم وا نییە کەس بتوانێت شیعر لە مەودوا رەهەندی فیکری دابماڵێت و رووتی بکاتەوەو دای ببڕێت. راستە فیکر لە شیعردا دەبێ پتر بلاچەیەك بێ و لە ئاسمانی شیعرەوە چەخماخە بدات،نەك فکرێك یان تیورییەك بێ و بگێڕدرێتەوە بەتۆبزی بەسەر وەرگردا بسەپێنرێت، چونکە لەو کاتەدا شیعر لە شیعرییەت دەکەوێت و دەبێتە نەزم و رێکخستن. بەڵام ئەمەش ناکاتە تۆرانی شیعرو فیکر لێکدی چونکە شاعیر بیر دەکاتەوە، بەڵام بیرکردنەوەیەکی شیعری) بەزەبری خەون و خەیاڵ و تەکنیکی تایبەتی بیرەکانی دەگۆڕێت بۆ شیعر. هەڵبەتە بیرکردنەوەکەش وەکو بیرکردنەوەی (هزرڤانێك) نییە کە پشت بە پێشەکی و ئەنجام و پەیوەندییە لۆژیکییەکانی بیرەکانی ببەستێت. ئەم جۆرە بیرکردنەوە لۆژیکیە دادی شیعر نادات و نابێت بەشیعر، هەر بۆیە مالارمییە بۆ دیگای نیگارکێش دەنووسێت:(عەزیزم دیگا، ئێمە شیعر لە هزرو بیر دروست ناکەین، بەڵکو لە وشە دروستی دەکەین).

**لێ وەکو ئاماژەمان کردێ شیعر هەرگیز نایەتە دابڕان لە بیروفیکر، بیری شاعیریش رەگی لەژینگە و سەردەمی خۆیدایە، ئەگەر ژینگەو سەردەمەکە سادەو ساکار بێ ئەوا رەنگدانەوە شیعرییەکە سادە و ساکار دەبێت، خۆ ئەگەر ژینگە و سەردەمەکە ئاڵۆزبێ، تەژی نیگەرانی فیکری بێ و یەکپارچە ناسەقامگیری دەرونی و رۆحی بێ ئەوا رەنگدانەوە شیعرییەکە ئاڵۆزو تەمومژاوی و قورس دەبێت، وەکو ئەمە بەئاشکرا لەلای ئیلیەت دیارە. کەواتە شیعری گەورە، شیعری** سەردەمە ئاڵۆزەکان وەکو سەمفۆنیایەکە پتر لەیەك دەنگ، زیاتر لەیەك ئاراستە، فرەتر لەیەك کەڵکەڵەی تێدایە، هەموو جۆگەلەکان دێن و بەزەبری هۆشێکی بلیمەتانە یەکانگیر دەبن، واتە هەموو جۆگەلەکان دێن و یەك باخ ئاو دەدەن، ئەوەیش باخی شیعرە کەواتە پەیوەندی نێوان فیکر، فەلسەفە وشیعر پەیوەندییەکی خۆڕسکەو شیعر سەرۆ و ئیلهام لە سەرچاوە و هاماجەکانی فەلسەفە وەردەگرێت و هەرگیز تەکنیك و ئامرازەکانی وەرناگرێت گۆتە لە شرۆڤەی پەیوەندی و سنوری پەیوەندی نێوان شیعرو فەلسەفەدا دەڵێت:(شاعیر پێویستی بە هەموو فەلسەفەیە، بەڵام دەبێ لە کارەکەیدا خۆی لێ ببوێرێ.) کە واتە شاعیر پێویستی بە هەماج و ئاسۆ و جیهانبینی رامانانەی فەلسەفەیە نەك میتۆدە بۆرهانییە وشکەکەی و میکانیزمە لۆژیکییەکەی کە فیکران رێك دەخات و هۆیەکانی دەپشکنێ و موناقەشەی دەکات. چونکە ئەم کارە دەگەڵ تەبیعەتی شیعرو تانوپۆی شیعردا رێك ناکەوێت و شاعیر نابێت بە خاوەنی ئەزموونی شیعری خۆی، دیارە مەبەست لە ئەزموون ئەوەیە کە (زات وخودی) شاعیر تێ دەپەڕێنێ بۆ هەموو سەدەمەکەی. ئەمڕۆ کە جیاوازی شاعیری گەورە و بچووك ئەوەیە کە بچووك کاتێ گوزارشت دەکات تەنیا گوزارشت لە خۆی دەکات، بەڵام گەورە کە گوزارشت دەکات، ئەوا گوزارشت لە هەموو سەردەمەکەی دەکات، واتە گوزارشت لە جەوهەرو کرۆکی شارستانی سەردەمەکەی خۆی دەکات. هەڵبەتە شیعر لە پاڵ ئەوەی هەڵچوون و ئاوێتەبوون و جۆش وخرۆش و سۆز و هەستە، جورێك لە فەلسەفەشە. بۆ وێنە شاعیرانی وەکو دانتی و شەکسپیر و گۆتە. لە میانەی سۆزو هەڵچوون و گودازی خۆیانەوە گوزارشتیان لە جیهان کردووە. واتە رای

تایبەتیان لەمەڕ جیهان هەبووە، هەڵوێستیان دەربارەی هەبووە. واتە فەلسەفەیەکیان هەبووە. هەڵبەتە مەبەست لە فەلسەفە میتۆدی زانستی و سەلماندن و پێوەرو میکانیزمی لۆژیکی نییە.

بەڵکو (راو هەڵوێستە لەمەڕ جیهان)، فەلسەفە (زانست) جیهان لە (سیستەمێکی پەیوەندیین لۆژیکی و ئەقڵیدا دەخاتە روو و پیشاندەدات، بەڵام شیعر (راو هەڵوێست) لە سەر سینیەك لە خەون و خەیاڵ و مەزەندەی پرشنگدار پێشکەش دەکات، جا لێرەدایە کە پەیوەندی لە نێوان فەلسەفە و هەر شیعرێکی گەورەدا دروست دەبێت هەر بۆیەش توانەوەی هزرو فەلسەفە لە شیعردا جۆرێك لە ئاڵۆزی و تەم و مژ بەشیعر دەبەخشێت. شیعر خۆی بە مەملەکەتی میتافیزیکادا دەکات و ئاستە دەرەکییەکانی گەردون و شتان دەبەزێنێ و کار بۆ کەشفکردنی حەقیقەتە پەنهانەکانی بنی بنەوە دەکات وراوی چێپەکانی گەردوون دەکات و بە زمانێکی هەرە تازە و زیتەڵ و بزۆزو زیندووی دەبەخشێت وئیدی هەر پرسیاری شیعرییە و لە مەڕ ناسنامەی مرۆڤ و جەوهەری مرۆڤ، دەربارەی گەردوون و رازەکانی، سەبارەت بە حەقیقەتە نەبینراوەکان، دێتە گۆڕێ.

بەم پێیە شیعری میتافیزیکی (تازە) گەڕانە بەدووی نادیارو پەنهانانندا، یان ئەم گەڕان و تاقیبە یەکێکە لە کەڵکەڵەکانی شیعری میتافیزیکی، دیارە ئەمە رەگێکی دەچێتەوە سەر سۆفییەت، چونکە تایبەتمەندی هەرە دیاری تەسەووف گەڕانە بە دوای شتە بەنهانەکانی ئەو دیوی هەست پێکراوەکان، پاشان ئەم خەسڵەتە بوو بە خەسڵەتێکی هەرە دیاری ئەدەبی سۆفیگەری (گەڕان بە دووی حەقیقەت و چوونەناو قوڵایی شتەکان و کەشفکردنی میتافیزیقا). جاسۆفیگەری دەکاتە حاڵەتێکی رۆحی لە نێوان بەندە و خوادا، ئەم ئەزموونە لە لۆجیکی ئەقڵ و یاساکانی بەدەرە. حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی بوونێکی باتینی، رەمزو هێمای تایبەتی خۆی هەیە، غوربەتێکی روحی و دەرچوونە لە جیهانی مرۆڤانی). کەواتە لەو پێودانگەوە کە شیعری تازە مامەڵە لەگەڵ نادیاردا دەکات، شەقڵێکی سۆفیانە وەردەگرێت و لایەنێکی تری ئاڵۆزی و تەم و مژی زیاد دەکا. واتە جۆرە کەونیەتێکی هاوبەش دەکەوێتە نێوان شیعر و تەسەوف کە شاعیر دێت بە شێوەیەکی راستگۆیانەی قووڵ خولیا و کەڵکەڵەی خۆی بە شیعر دەسپێرێت، وا هەست دەکات گوزارشت (لەوی دی)ش دەکات" هەڵبەتە یەجگار ئەستەمە خولیا و کەڵکەڵەی قووڵ و راستگۆیانە بەشێوەو قاڵب رازی بێ، بەڵکو پتر جیوەییە و لە قاڵبێکدا ئارام ناگرێت.

ئەمەش بە ئاشکرا لە پەخشانە شیعردا دیارە، خۆی لە شێوەو قاڵب رزگار کرد، تا زمانێکی زیتەڵی بزۆز پەیدا بکات کە لەگەڵ نێوەرۆکە تازەکاندا بگونجێت و پڕ بە پڕی ئەزموونی کەشفکاری بێ. جا لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە زمانی وەسف وهەواڵ، شتێکی ئاشکرا دەخاتە روو، بۆیە مەفهومەو (وەرگر)ماندوو ناکات. بەڵام زمانی کەشف ئاوسە بەپرسیارو نەك هەر لەلای وەرگر غەریبە، لە خۆیشی غەریبە، زمانی کەشف واقیع هەڵدەکۆڵێت تا کەشفی بکات و پەیوەندییەکانی تێ بگات و روو لەو دیوی واقیع دەکات تا بوون بەرجەستە بکات. هەڵبەتە ئەم حاڵەتە لە لای سۆفییەکان هەبوو" پێی دەگوترا (شطح) جا شەتەح (ئەو ساتەیە کە هۆش تیای دەوەستێ و هەنگێ سۆفی بیردەکاتەوە و دەنووسێت، حاڵەتێکی وەهایە هەرچی سانسۆری هۆش و هوشیارییە (وعی) دەوەستێ).

بێگومان ئەفسانەش (اسطورە) سەرچاوە و مەودایەکی دیکەی ئاڵۆزاندنی شیعرە، مەبەست لە ئەفسانەش (ئەو شێوە و فۆرمە رەمزییەیە کە رۆشنبیر بە هۆیەوە گوزارشت لەو شتانە دەکات کە بەلایەوە حەقیقەتی ئەنتولوژی و کەونییە).

ئەفسانەش شتێك بووە گەلان هەناسەیان لێوەداوە، ئیدی بەشێك لەو هەناسەدانە رۆحی بووە، بەشێکی قارەمانێتی، بەشێکی مێژوویی، و بەشێکی هونەری بووە" جا ئەمڕۆکەش ئەفسانە لە پرۆسەی خۆتازە کردنەوەداو لە قاڵبی جیاوازدا، گەڕاوەتەوەو بووە بە سەرچاوەیەکی هەرە دەوڵەمەند بۆ ئەدەب بە هەردوو لایەنی ئەدەب و شیعرەوە. بەڵام لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەفسانە و شیعر پەیوەندییەکی یەجگار توندیان لە نێواندایە و بێ یەکدی هەڵناکەن و دوو رووی یەك پارچەدراون" بەم پێیە بەکارهێنانی ئەفسانە لە شیعردا گەڕانەوەیەکی ئاساییە بۆ یەکێك لە سەرچاوە دێرینەکانی هەڵبەتە ئامرازی پێکهاتەی هەردووکیان، ئەفسانە و شیعر، خەیاڵە، جا ئەم بەکارهێنانە هاوبەشەی خەیاڵ، زمانێکی هاوبەشی لە نێواندا دروست کردوە، ئەویش زمانێکی باڵداری هێمایی و دوور لە شەرح و شرۆڤە و رووتکردنەوەیە. بۆیە ئەگەر زمانی قەسیدەی نوێخوازی (حداثوی) بە سروشتی خۆی ئیحایی و هێمایی بێ، ئەوا ئەفسانە بایەخی هونەری ئەم ئیحاییەتە بەوە دەوڵەمەند دەکات کە رەمزە ئەفسانەییەکان بەسەر واقیع دا دادەبڕێ، یان واقیع و خودی واقیع لەم رەمزانە هەڵدەکێشێت.

بەم پێیە دەکرێت بگوترێت کە ئەفسانە وەکو مەوداو سەرچاوەیەکی ئەبستمولوژی و رۆشنبیریی هۆیەکە لە هۆیەکانی ئاڵۆزاندنی شیعری نوێ" بەلای محمود امین العالم –ەوە زۆربەی سەرچاوەکانی شیعری نوێ سەرچاوەی رۆشنبیرین، خوێندنەوە و ئەبستمولوژین تا ئەزموونە مرۆڤانییە زندووەکان بن، واتە شیعری نوێ رۆشنبیریی کردووە بەسەرچاوەو زیاتری لێو وەردەگرێت و هەڵدەهێنجێت تا لە سەرچاوەی ئەزموونی زندووی مرۆڤانییەوە وەربگرێت. بۆیە شەقڵی رۆشنبیری رووت لە تان و پۆ و فۆرم و دەلالەتەکانی شیعری نوێ دا زاڵە. بەم پێیە مەودا ئەبستمولۆژیە رۆرشنبیریەکان فاکتەرێکن لە فاکتەرەکانی ئاڵۆزاندنی دەلالی شیعری نوێ. ئەمەش بەواتای تۆمەتبارکردنی رۆشنبیریی و لە قەفەزنانی نییە، بەڵکو تەنیا ئاماژەیە بۆ ئەو حەقیقەتە کە فاکتەرێکە لە فاکتەرەکانی ئاڵۆزاندنی شیعر.

(2)

شیعر ئەمڕۆکە لەوە دەرچووە رێژنە هەستێکی خۆبەخۆبێ و بە داوی جوانترین وشەدا بێتە خوارێ و لە بارترین رستە بکات بە نیشتمان و ئاوەدانی بکاتەوە و سەروەری شیعری پێ ببەخشێت. شیعری ئەمڕۆکە ئەوە دەڵێت کە ناگوترێت. ئەمەش بە کەرەستەی ئاسایی ئەنجام نادرێت و هەر بۆیەش شیعری نوێ سوود لە سەرچاوەی زۆر وەردەگرێت و ئەو سەرچاوانە هەم شیعرەکە پێك دەهێنێ و هەم رەنگی تێدا دەدەنەوە. بۆیە شیعری نوێ کودەتایە، تەنانەت کودەتایە لە خودی خۆیشی. واتە کودەتایەکی هونەرییە لە خودی خۆی، لە خودی خۆیشی رازی نییە. لە زاوزێی بەردەوامدایە، روخاندنی بەردەوامە، رەفزکردنی بەردەوامە، تەجاوزکردنی بەردەوامی تەنانەت خودی خۆیشێتی، کەواتە ئەرکی شیعری نوێ تەجاوز کردن و تێپەڕاندنی زانراو و باوەکانە. فلوبیر لەم بارەیەوە دەڵێت:( تەنیا ئەوەم دەوێت کە کتێبێکی جوان لەمەڕ هیچ

بنووسم و تەنیا پەیوەندی بە خودی خۆی و لەگەڵ خودی خۆیدا هەبێ نەك لەگەڵ دنیایێن دەرەکیدا).

هەر لەم پێودانگەوەیە کە کاتێ قەسیدەی نوێ مامەڵە لەگەڵ واقیع دا، واقیعی مەتریالی یان بەشەریدا دەکات. نایەت وەسفی بکات یان رونی بکاتەوە و شرۆڤەی بکات یان وەکو چۆنمان دیتوە و پێی راهاتووین واهی بۆمانی نەقلٚ بکات، یان وەکو پێشبینی دەکەین واهی بۆمانی بگوازێتەوە بەڵکو بە جۆرێ مامەڵەی لەتەکدا دەکات کە لە باوی بخات و نامۆی بکات، واقیع لە قەسیدەی نوێدا لە مەنتیقیەیەت و ریتمە باوەکەی خۆی دەکەوێ و دەبێ بە واقعێکی تەژی ناکۆکی و ناتەبایی و دووره پەرێزی و شێواوی و بەدەر لە پەیوەندییان.

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە رۆمانسییەتیش پەیوەندییەکی رێژەیی بە ئاڵۆزییەوە هەبووە، ئەم ئاڵۆزییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم رۆژەی کە رۆمانسییەت لە یاساکانی کلاسیزم، کە بایەخدانە بە کۆن و لاسایی کردنەوەی، بە ئەقلٚ و رێکخستنی دەستەواژەکانی، بە شێوازو مشت وماڵدانی شێواز.

دیارە فاکتەرێکی دیکەی ئاڵۆزاندنی شیعری نوێ دوور کەوتنەوەیە لە هەر روونکردنەوەو شرۆڤەو گوتنێکی راستەوخۆ، چونکە ئەمە شیعر رووت دەکاتەوەو لە شیعرییەتی دەخات. چونکە شیعر لە بنەڕەتدا داهێنانێکی ئەستاتیکییە لە کەش و هەوایەکی تەژی خەوندا. واتە ئاڵۆزی رەگەزێکی سەرەکی شیعرە وەکو چۆن رەگەزی یەکەمی مۆسیقاشە، هەڵبەتە رەمزییەکان بە حوکمی کاریگەری سەرەتا شیعرییەکانی ئەدگار ئالن پو بایەخیان بەو لایەنی ئاڵۆزی و ئاڵۆزاندنە داوە. بەلای رەمزییەکانەوە ناونان و ناوهێنانی هەر شتێك لەزەتەکەی دەبات و نای هێڵێ.

بۆیە پەنایان وەبەر رەمز بردووەو تەنیا ئاماژەیان بۆ کردووە" تا لەزەتەکەی نەڕوات و دەوڵەمەندی و فرە دەلالەتی رەمز بێتەدی. دیارە ئاماژە کردن و رەمز بۆ شت لەبری ناوهێنان و دیاریکردنی راستەوخۆی، جۆرە ئاڵۆزییەکی بەگەڵ دەکەوێت و ئەم حاڵەتەش بە رادەیەك لە سۆفیزم نزیك دەبێتەوەو ئاوێتەی دەبێت کە خەڵقانێك بتوانن بڵێن کە شاعیری سەمبولیست، بە تایبەتی گەر شاعیرێکی گەورە بێ، سۆفییەکی گەورەیە.

(3)

لە سوریالیەتدا شێوازە نووسینێك هەیە پێی دەگوترێت الکتابە الآلیە) دیارە ئەمە لای سۆفییەکانیش هەیەو پێی دەگوترێت (شطح): شەتح ئەو ساتەیە کە هۆش و هۆشمەندی تێدا دەوەستێ، سۆڤ رێك لەو ساتی وەستانی هۆشەدا رادەمێنێ. بیردەکاتەوەو دەنووسێت. ئەمەش حاڵەتێکە هیچ سانسۆرێکی هۆش و هوشیاری نامێنێ. دیارە ئەم رۆچون و قوڵبوونەوەیە بەناخدا، رەگی دەچێتەوە سەر سایکۆلۆژیاو دەستکەوتە سایکۆلۆژییەکان کە ئەمەش بۆ خۆی لە ئاڵۆزی بەدەرنییەو بەدەر نابێت. بۆیە خوێنەر (وەرگر) دەبێ ئەوە بزانێ کە ئەگەر رستەیەك هاڕوژاندی و هاتە رێی، بۆ ئەوە نییە ببێ بە کۆسپی سەر رێگەی، بەڵکو نیشانەیەکەو رێنوێنی دەکات و بەگەڵ رەوتی دەقەکەی دەخات. دیارە پەرەسەندنی ژیان و ژیارو پێشکەوتنی تەکنولۆژیا" واتە ژینگەو کۆمەڵگەی ئاڵۆز، شیعر لە روونی و شەفافیەت دادەبڕێت، شیعری زادەی ئەو جۆرە ژینگەیەو کەش و هەواو جوگرافیایە ئاڵۆزو بە تەمومژ دەبێت" ئەمە جگە لەوەی

شیعر بە تەبیعەتی خۆی کە مامەڵە لەگەڵ نادیاراندا دەکات، جۆرە ئاڵۆزییەك لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت" واتە گەیشتن بە نادیار، بە نەناسراو، بەوەی کە تازەیە، گەییشتن بە دیتنی ئەوەی نادیترێت و بیستنی ئەوەی نابیسترێ، ئەمە خۆی لە خۆیدا غوربەتاندنی دەلالەتی لێدەکەوێتەوە. بۆیە شاعیران بە خۆیشیان رێك نین لەسەر نوێخوازی، هەندێك پێیان وایە نوێخوازی شیعر لە دەربڕیندایە، واتە لە چۆنیەتی گوتندایە، نەك لە خودی گوتن، واتە هونەریەتی قەسیدەیەك لە بونیادی قەسیدەکەدایە نەك لە ئەرکەکەیدا. هەندێك دەڵێن نوێخوازی لە جەوهەرو کرۆکدا داهێنانی فۆرمی شیعرییە لە ناو جەرگەی نێوەڕۆکەکانی ئێستادا نەك شێوەو جلکی رابردووی لەبەر بکرێت. بەم پێیە هەر ناوەڕۆکێکی تازە بگریت شێوازێکی تازە دەخوازێت. هەندێکی دیکە دەڵێن هەر داهێنانێك بگریت رەخنەیە لەو رابردووەی جێمان هێشتووەو لەو ئێستایەی دەیگۆڕین و بونیاتی دەنەین" واتە هەر داهێنانێك بە تەبیعەتی خۆی بەزاندن و گۆڕینە. سەیاب-ی شاعیری عێراقی دەربارەی شیعری ئازاد، کە یەکێکە لەسەرچاوەکانی شیعری نوێخوازی، دەڵێت: (شیعری ئازاد لەوە زیاترە کە بریتی بێ لە جیاوازی تەفعیلەو ویٚکچوونەکانی نێوان بەیتێك و بەیتێکی دیکە. شیعری ئازاد بونیادێکی هونەری تازەیە، رەوت و رێچکەیەکی هونەری واقیعی تازەیە، هاتووە تا شل و شاوی ئەدەبی رۆمانتیکی و ئەدەبی بورجە عاجیبەکان رامالێ و وشك و برینگی کلاسیکیەت بسڕێتەوە، هەروەها هاتووە شیعری خیتابی، کە سیاسەتوان و کۆمەڵبازەکان لەسەر ئەوە راهاتوون پێی بنووسن، پایە ماڵ بکات..) بەم پێیە لەگەڵ پتر ئاڵۆزبوونی ژیان و ژیارو تەکنۆلۆژیادا، شیعری نوێخوازیش ئاڵۆزو ئاڵۆزتر دەبێت، تا ئەو ئەندازەیەی شیعر جگە لە خۆی و لە شیعریەتی خۆی چ مەبەست و ئامانجێکی دیکەی نەبێ. واتە شیعری نوێ لە دەرێی خۆیدا چ ئەرکێکی نابێ، لە هەموو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دوور دەخرێتەوە، جا لەم حاڵەتەدا شیعر خۆبەخۆ ئاڵۆز دەبێ و منەتی بە جەماوەرییەت نامێنێ و کەمو زۆر خاتری جەماوەر ناگرێت.

**(4)**

نوێخوازی بەر لەوەی شێوەیەکی هونەری بێ، خەونە. هەر بەم خەونەش قەسیدەی نوێخوازی گەشتی خۆی لە زاکیرەوە (رابردوو) بۆ ئایندە، بەڵکو بۆ ئەو دیو ئێستاو رابردوو دەست پێدەکات. کەواتە ئەرکی شیعر دەکاتە کەشفکردنی جیهانێك هەمیشە هەر پێویستی بە کەشفکردنە، رامبۆ گوتەنی شیعر دەکاتە دیتنی ئەو شتەی نادیترێ و بیستنی ئەو شتەی نابیسترێت، بە کورتی دەکاتە گەیشتن بە نادیار. ئیدی پەیامی شاعیر زیاتر دەبێ بە کەشف تا بڵاوکردنەوە.

هەڵبەتە لێرەدا دەبێ ئاماژەیەك بۆ چەمکی خەون (رۆیا)و جیهانبینی (رۆیە) بکرێت و تێکەڵ نەکرێن، رۆیا ئەوەیە لە خەوندا دەدیترێت، یان پەنگ خواردنەوەی خەیاڵەو لە خەودا دەتەقێتەوە، هەروەها زندەخەونیش هەیە. بەلام (رۆیە) ئەوەیە کە چاو دەیبینێ و ئەقڵی باتین کاری تێدا دەکات. کەواتە رۆیا تایبەتە بە خەوەوەو بەو شتانەوە کە لە خەودا روو دەدەن، بەلام (رۆیە) تایبەتە بە بێدارییەوە. (رۆیا) پەیوەستە بە خەیاڵ، یان بەرجەستەبوونی ئەو وێنایانەی لە خەیاڵەوە بۆ هەستی هاوبەش دادەڕژێت. (رۆیە) پەیوەندی بە چاوەوە، بە دیتنەوە هەیە.

جارێکی دی دەگەڕێینەوە سەر خەون و شیعرو دووبارەی دەکەینەوە کە خەون یەکێکە لە کەرەستە هەرە گرینگەکانی شاعیر لە پرۆسەی کەشف و کەشفکاریدا. دیارە نابێ ئەوەش لەبیر بکرێت کە خەون پەیوەستە بە ئەزموونی باتینییەوە. ئەزموونی باتینی-ش بە تەبیعەتی خۆی ئالۆزو وڕینەئاسایە، کە خەون سەرچاوەیەکی شیعری نوێخوازی بێ، ئاساییە کە شیعریش ئالۆزو تەمومژاوی بێ و تا رادەیەك غەیبانی بێ، چونکە خەون جۆرە یەکبوونێکە لەگەڵ غەیبدا.

جەڕباندنیش (تجریب) سەرچاوەیەکی دیکەی شیعری نوێخوازی پێکدێنێ و تا رادەیەکی باشیش دەیئالۆزێنێ، چونکە جەڕباندن و تەجریب رەفزی قاڵب و نموونە دەکات و هەناسەی ژیان بەبەر دەقی نوێخوازیدا دەکات، واتە ئەگەر دەق لە خۆ جەڕباندنی بەردەوامدا نەبێ دەمرێت. قەسیدەی پەخشان بوارێکی جەڕباندنە، بۆیە قەسیدەی پەخشان لە روویەکییەوە دەکاتە بەکارهێنانی پەخشان و پەرەپێدانی پەخشان بە ئاراستەی شیعردا، واتە دەکاتە شیعراندنی مەودا شیعرییەکانی پەخشان لە دەرێی کێش و قافیەدا. قەسیدەی پەخشان دیمەنێکی لە دیمەنەکانی نوێخوازی هەڵگرتووە کە بەزاندنە، دەست بەرداربوونی کێش و ریتمی دەرەکییەو دەکرێ ئەمە بە یەکەم هەنگاوی بەزاندن لە کاروانی هەزاران میلی قەسیدەی پەخشان لە قەڵەم بدرێت.

## (5)

لەگەڵ بزاڤی نوێخوازی شیعردا، ئیدی شیعر بوو بە دەنگی شاعیر، واتە بوو بە دەنگێکی ناوەوە، نەك دەنگێك لە دەرێڕا تیرەو تایفە یان سوڵتان یان بونە نەتەوەییەکان یان کۆمەڵایەتییەکان بیسەپێنن. کەواتە ئامانجی شیعر وەکو مەیدانێکی نووسینی نوێخوازی لە بەردەوامکردنی پەیوەندییەوە، لە درێژەپێدانەوە گۆڕا بۆ کەشفکردنی خودو تیشك خستنەسەری. بەڵام ئەم پرۆسەی کەشف و کەشفکارییە، ئەم تیشك خستنەسەرە، ناوەڕۆك لە دەقدا دەشارێتەوە، واتە دەق لە ناوەڕۆك بەدەر دەبێت، دەق لە ناوەڕۆك رووت دەبێتەوە، مەگەر تەئویل و تەفسیران ناوەڕۆکی پێ ببەخشێت.

وادیارە غیابی بابەت، یەکێکە لەو رێگە هونەرییانەی کە شیعری نوێخوازی دەیگرێتەبەر. واتە شیعر بابەتی نییە، بەڵکو بۆ خۆی ئەزموون و نەست و خەونێکە واقیع دەبەزێنێ و لەسەرووی واقیعەوە خۆی دەجەڕبێنێ، کەواتە لەم حاڵەتەدا کارێگەری گشتی شیعر گرینگە، واتە شیعرێك چەند کار لە وەرگر دەکات، بەم پێیەش وشەو زمان ناتوانێ حەقیقەتی شتەکانمان بۆ بگوازێتەوە، بەڵکو دەبێ بە رەمزو هێما بۆ ئەو شتانە. واتە زمان چەمك و مانای دیاریکراو نەقڵ ناکات بەڵکو دەبێ بە بوونەوەرێکی سروش بەخش، واتە شیعر ریتمی شتەکان، جا دەرەکی بێ یان ناوەکی، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی نەقڵ دەکات. دیارە ئەم حاڵەتە شیعر بەرەو تەجرید دەبات، بەرەو خۆ رزگارکردن لە هەر ئاراستەیەکی مەرجەعی، واتە شیعر زیاتر لە ئەزموونی رۆشنبیری و کەلتووری رووت بار دەکرێت تا لە ئەزموونی زیندووی مرۆڤانی، بۆیە (شیعری بێدەنگ)" ئەو شیعرەی هیچ ناڵێت، (بەلای کەمەوە شتێکی دیاریکراو ناڵێت) دێتە ئاراوە. جا هەر لەم پێودانگەوە خوێندنەوەی شیعر قورس و قورستر دەبێت.

هـەر خوێندنەوەیـەك، هەڵوەشـاندنەوەی خوێندنەوەیـەکی دیکـە دەبێـت. بـەڵام ئەمـە بـە مانـای سڕینەوەو فەوتانـدنی خوێندنەوەکە، یـان خوێندنـەوەکانی دیکـە نییـە، ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی نوێخوازی، چونکە وەك زانیمـان نوێخـوازی (حداثـە) لـە نەوەسـتانی بەردەوامدایـە، لـە ڕەفزکردنـی سـەقامگیری نموونـەو دەسـەڵاتی نموونەدایـە، نوێخـوازی هـەڤڕك و ناحەزو نـەیاری هـەر دەسـەڵاتێکە. جا شـاعیری نوێخـواز لـە سایەی هەلومـەرجی سـەرکوتکاریدا نـاتوانێ ئـەم ڕەفـزو ڕەفزکارییـەی خـۆی بـە ئاشـکرا دەربـبڕێت، دژایـەتی خـۆی بـۆ دەسـەڵات بـە ڕاشکاوی بنوێنێ. بۆیە کە دەیـەوێت هەڵوێستێك دژ بە بیروبۆچوونی دەسـەڵات دەربـبڕێت، یـان ڕاو بۆچوونێك دەربـبڕێ کـە ئەقڵیـەت و بیرکردنـەوەی دەسـەڵات پێـی هـەرس نـەکرێت، خـۆی لـەبن حەوت توێکڵان دەشارێتەوەو ڕاوبۆچوونی خۆی بە نووسینێك دەسپێرێت کەوا دێتـە بـەر دیـدەی وەرگر گوایە هیچ ناڵێت. کەواتە ترس" ترس لە دەسەڵات، هـەر دەسـەڵاتێك بـێ، کۆمەڵایـەتی یـان ئاینی یان سیاسی بێ، جۆرێك لە تەمومژو هێماو هێماکاری لە نووسیندا دەخوڵقێنێ. جا هەر لە سـۆنگەی ئـەم ترسـەوە ئـاڵۆزی و تەمومـژ بـوو بـە پیشـەی سـەرکوتکراوان و لـە ڕێگـەی ئـەم ئاڵۆزییەوە بیری شاعیر، هەستی شاعیر، ئەزموونێن شاعیر دزە دەکات و بەرجەستە دەبێت. بـەڵام بەردەوامی لەسەر ئەم پرۆسەی ئاڵۆزی و ئاڵۆزکارییە دەبێتە مایەی ئەوەی کـە داڕشـتنی شـیعری لە ماناو ناوەڕۆك زیاتر بئاڵۆزێ و ئاڵۆزتر ببێ.

بە هەر حاڵ لە دنیای نوێخوازی و میتانوێخوازیدا، نووسـەر نـابێ دەقێکـی داخـراوی ئـاوس بـە حـوکمی بنجـبڕی ئـاوەدان بـە دوا ئـەنجامی بـەزۆری ڕۆنـراو لەسـەر وەهـم و خـەیاڵی گـەورەی کـە نووسـەر یـەقینی بەدەسـتەو حەقیقـەتی موتڵـەق دەزانـێ! پێشـکەش بکـات، بـەڵکو دەبـێ دەقێکـی کراوە پێشکەش بکات، واتە دەبێ نووسینێکی تا ڕادەیەك ئاڵۆزو تەمومژاوی بگرێتە خۆی، تـاکو خوێنەر بتوانێ چالاکانە لە میانەی پرۆسەی تەئویلـەوە بەشـداری لـە نووسـینی دەقەکـەدا بکـات. هـەر بۆیـەش بزاڤـی میتـانوێخوازی مـەرگی نووسـەری ڕاگەیانـد، واتـە نـەمانی دەسـەڵاتی فیکـری نووسەری ڕاگەیاند.

هەڵبەتە غیابی نووسەرو نەمانی دەسەڵاتی فیکری نووسەر، نەمانی سنووورداری و تاك لایـەنی دەلالـەتی دەگەیـەنێ لەبـەردەم دەوڵەمەنـدی و فـرە لایـەنی دەلالەتانـدا. جـا لێـرەوە فـرە لایـەنی خوێندنـەوەش چـێدەبێت، هـەر خوێندنەوەیـەك، خوێندنەوەیـەکی دی هەڵدەوەشـێنێتەوە، بـەڵام هەڵوەشاندنەوە بە مانای سڕینەوەو نەهێشتن نـا، بـەڵکو بـەو مانایـەی جۆرێکـە لـە کەڵەکـە بـوونی خوێندنـەوەو دەق دەوڵەمەنـد دەکـات و ئاسـۆی زیـاتری دەلالـی لـە بەردەمـدا دەکاتـەوە، تـا کـار دەگاتە دەقاندەق (تناص) لە خوێندنەوەدا وەکو چۆن دەقاندەق لە خودی ئەفراندنەکەدا هەیە.

**بە هەرحاڵ ئاڵۆزی ڕەگی لە شیعردایە، لە خوێنی شیعردایە، لەگـەڵ شیعرداو لـەناو شیعردا دەژی، هەر شیعرێك ئاڵۆز نەبێ، خیانەتی لە تەبیعەتی خـۆی کـردووە، لـە شیعرییەت لایـداوەو بەتۆبزی ئەرکێکی دی ناشیعری لە ئەستۆی خۆی گرتووە. بە هەرحاڵ ئەگـەر سروشـتی شـیعر** خۆبەخۆ ئاڵۆزو بە تەمومژ بێ، ئەگـەری ئـەوەش دەکرێـت کـە ئـەم تەبیعەتـە لـە زمـانی شیعریشـدا ڕەنگ بداتەوە، مەبەست لە زمانی شیعر لێرەدا، چۆنیەتی وتنە، نەك چی وتنـە، کەواتـە بـەم پێیـە زمـان تـانوپۆی شـیعر پێکـدێنێ و شـیعر لـە دەرێـی زمانـدا نامـەیێ. واتـە زمـان تـەنیا کـەناڵێکی گەیاندنی دەلالەت بە (وەرگر) نییە. بەڵکو خۆی لە خۆیدا ئامانجە. بەڵام لەگـەڵ هـەموو ئەمەشـدا،

هـەر شاقەسـیدەیەك بگـری، زمـانێکی لـە پشـتە" زمـانی سـادەو سـاردو سـڕوخاو شـیعری پـێ ناخوڵقێنرێ، شیعر دەچێتە ژووانی زمانێك کە زرك و زیت و زیتەڵ و پڕ لە پێچ و پەناو هەورازو نشێوو گێژەن و گێژاوو شەپۆلان بێ. دیارە زمان لە شیعردا، بەم پێیە، لە هەمان کاتدا هەم شێوەیەو هەم ناوەڕۆك، جا لێرەدا ئەو قەناعەتە دروست دەبێت کە تەمومژو ئاڵۆزی لە هەوەڵەوە تا کۆتایی دیاردەیەکی زمانەوانییەو شیعریش لە دەرێی زماندا بوونی نابێ و هەر شیعرێکیش ناچارە –ئەگەر رێزی شیعرییەتی خۆی بگرێت– زمانێکی تایبەتی بۆ خۆی بخوڵقێنێ و بایەخی ئەو زمانەش لەوەدا دەردەکەوێت کە چەند توانای بەسەر نیشاندانی ناوەوەدا دەشکێ، چەند نەگوتەنییەکانی پێ دەگوترێت، چەند نادیارەکانی پێ فەتح دەکرێت، چەند لە دەلالەتە باوو هاوبەشەکان دوور دەکەوێتەوەو چەند دەلالەتی نوێباوو تایبەت دەگرێتەخۆ. کەواتە زمان سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی دەلالەتە، شاعیر دەبێ هەمیشە بیتەقێنێتەوە، وشە لە ناوەڕۆکی باو بەتاڵ بکاتەوەو بە ناوەڕۆکی ناباو تەژی بکات و بە ئاوایەکی تازە بەکاری بێنێ، تۆ بڵێی بیخوڵقێنێ و بیخوڵقێنێتەوەو لە دەقێکی ناباودا بیجەڕبێنێ و هەموو تواناکان وەگڕ بخات.

**(6)**

شاعیری نوێخواز، وەرگری لەلا مەبەست نییە، چۆنیەتی وتنە شیعرییەکانی خۆی بەلاوە گرینگە، ئیدی وەرگر تێی دەگات یان تێی ناگات ئەمە خەمی خۆیەتی، با زەینی حاڵی بوون وەگڕ بخات و حاڵی ببێ، کێ دەستی گرتووە؟! بەم پێیە بە ئاشکرا جۆرێك لە دابڕان و جەفاو تۆران لە نێوان شاعیرو وەرگردا هەیە، ئەوەتا شاعیرێکی نوێخوازی وەکو ئەدۆنیس دەڵێت: (من جەماوەرم نییە، جەماوەریشم ناوێ) یان (محمد عفیفی مطر) دەڵێت: (من خوێنەر ناناسم، ئەوە دەناسم و دەزانم کە خۆم دەیڵێم) کەواتە ئەم حاڵەتە بمانەوێ و نەمانەوێ جۆرە خوێندنەوەیەکی تەئویلی دەخوازێ، ئەمەش لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دیکە دەگۆڕێت و تەنانەت لای یەك خوێنەریش لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دی، لە حاڵەتێکی دەروونییەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە دەگۆڕێت. خوێندنەوەی تەئویلی–ش زادەی ئەوەیە کە شیعر لەوە دەرچووە کەشکۆڵی زانیاری و هەواڵ و تۆمارکردنی رووداوان بێ، یانی بەڵگەنامە نییە، بەڵکو جۆرە مومارەسەیەکی هونەرییە، جۆرە جەڕباندنێکی هونەرییە، کە دەلالەتی تازە هەڵدێنێ. بۆیە شاعیری نوێخوازی نە هوشیارییەك دووبارە دەکاتەوەو نە مانایەك دەگوازێتەوە، بەڵکو لە رێگەی جیهانبینییەکی تازەوە، هوشیار دەشڵەقێنێ، خوێنەر بە خۆی مانای لێ هەڵدەهێنجێ و بەرهەمی دێنێ، دیارە دەقی شیعری نوێخوازی رێك لە هەزار تویێەك دەچێت بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات. ئیدی لێرەوە تەئویل و تەفسیر زەرورەت پەیدا دەکات، کە لە راستیدا دەکاتە هونەری تێگەییشتن لە شتێکی غەریب و نامەفهوم. واتا ناچار دەبین مانای رواڵەتی و دیاری دەق ببەزێنین و بەڕێنوێنی ئەو جفرەو مۆرس و ئاماژەو کلیلانەی تێیدایە بگەینە ناوەڕۆکی مانا قوڵەکانی، کەواتە تەئویل هونەری تەفسیرو لێکدانەوەی دەقە ئاڵۆزو نادیارەکانە. دیارە دەق، بە تایبەتی لە سەردەمی نوێخوازیدا، یەکەیەکی یەك پارچەیەو یەکەکەش، دەکاتە هەر هەموو رەگەزەکان. دیارە دەقی نوێخوازی لە کانییەکی ئاودار دەچێت کە لە هەڵقوڵین و خۆ تازەکردنەوەی بەردەوامدا بێ و خۆی دووبارە ناکاتەوە. جا دەلالەتەکانی دەقی شیعری نوێخوازیش هەمیشە کراوەن لەبەردەم

هەر خوێندنەوەیەكدا، لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەكدا خۆی تازە دەكاتەوە، بۆیە هیچ سەیر نییە خوێندنەوەكان لە یەكتر نەچن و هەر خوێندنەوەیەك جیاواز بێ لە خوێندنەوەی پێش خۆی.

(7)

ئەگەر شیعر بە تەبیعەتی خۆی فرە دەلالەتی هەڵدەگرێت، ئەوا ئەم فرە دەلالەتییە لە شیعری نوێخوازیدا شتێكی واقیعی و حاشا هەڵنەگرە، دەشێت دەقی شیعری نوێخوازی لەلایەن پتر لە كەسێكەوە بخوێنرێتەوە، بەڵام خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەهێنجن، واتە دەگەنە دەلالەتی هەمە جۆری وەها كە خوێنەر دووچاری سەرسامی و دوو دڵی دەكات، كەواتە بە قەولی مالارمیە: (بەیتی شیعری لە دركەێن مانادار پێك نایەت، بەڵكو لە دركەێن نیەتدار پێك دێت) هەڵبەت نییەت، هەر نییەتێك بێ، خۆی لە خۆیدا پرۆژەیەكە، هەر پرۆژەیەكیش، بە گوێرەی ئەو كەسەی دەخرێتە بەردەستی قابیلی دەستكاری و چاككردنەوەو لێ زیادكردنە. بۆیە شیعری نوێخوازی وەكو ئەو پرۆژەیە، خوێندنەوەی جۆراوجۆرو لێك نەچوو هەڵدەگرێت و لێكدەرەوە بە خۆی مانای پێدەبەخشێت و ئە\مەش دەق لەبەردەم ئەگەرە دەلالییەكان والآ دەكات، و دەقەكە زندوو و دەوڵەمەند دەكات، چونكە دەق ئەگەر هەڵگری یەك دەلالەتی دیاریكراو بێ هەرزوو لە جێی خۆی دەپووكێتەوەو دەمرێت، بۆیە هەر دەقێكی رەسەن بگری لە هەر پەیوەندییەك بەدوورە تەنیا (پەیوەندی ئەدەبییەت و هونەرییەت) نەبێ، ئەدەبییەتیش لە زماندا پەیدا دەبێت، واتە ئەگەر وشە تەنیا یەك مانای بگەیەنێ، یانی هەر مانا قاموسییەكەی بگەیەنێ و زمانی دووەم نەیەت و یەقینیاتی زمان نەشڵەقێنێ و رزگاری نەكات شتێكی لێ دروست نابێ ناوی ئەدەب بێ، واتە ئەدەب لە ناو زمانی شڵەقاودا چێدەبێت. بۆیە خوێنەری ئەمڕۆ دەپرسێت ئەم قەسیدەیە چ پرسیارگەلێك دەخاتەڕوو؟ چ ئاسۆگەلێكم لەبەردەم ئاوەڵا دەكات؟ واتە مەبەستی خوێندنەوە ئەوەیە كە بەناو ئەو جیهانە پرسیاراوییە بكەوێ كە دەق دەیخوڵقێنێ. واتە مەبەستی خوێندنەوە ئەوەیە كە بەگەڵ گەشتە كەشفكارییەكەی دەق بكەوێت. مەبەست لە گەشتی كەشفكاری چۆنیەتی بەكارهێنانی زمانە، مەبەستیش لە زمان و چۆنیەتی بەكارهێنانی ئەوەیە چەند مانا بەرهەم دەهێنێ، نەك چەند مانا نەقڵ دەكات، واتە بەر لە زمان شتێك نییە ناوی مانا یان فیكر بێ. یانی ماناو فیكر پێش زمان ناكەون، ئیدی لە میانەی ئەم پرۆسەی بەرهەم هێنانەی ماناوە، دەلالەت دێتە ئاراوە، كە هەر هەموو ئەوزارە ئاماژەیی و خوازەیی و تەكنیك و هونەركارییە گوزارشتی و رەمزییەكان كۆ دەكاتەوەو كارێگەرییەكی تایبەتی بەدەق دەبەخشێت.

جا كە لە ئەدەبی نوێخوازیدا، زمان بەم رادەیە گرینگ بێ، دەبێ خوێنەر شارەزای زمان بێ تا بتوانێ دەقێكی پێ بخوێنێتەوەو تەئویل (تەفسیر)ی بكات، ئەگەر زمانی دەقەكە دروست بێ، ئەوا دەتوانێ بە زەبری شارەزایی لە زمان زەوق لە دەقەكە وەربگرێ و تێی بگات، خۆ ئەگەر زمانی دەقەكەش سواو پواو بێ ئەوا لە قاوی دەدات و ریسوای دەكات. هەڵبەتە زمان جۆرێك لە رۆشنبیریی بەگەڵ دەكەوێ و خوێنەری دەقی نوێخوازی پێویستە رۆشنبیر بێ، مەبەست لە رۆشنبیری تەنیا كەڵەكەبوونێكی ئەپستمولۆژی هەمەلایەن نییە، بەڵكو كەڵەكەبوونێكە لە ناوەوە ئاوێتە دەبێ و تەخەمورو تەفاعول دەكات تا هوشیاری و رەفتارو (سلوك) جیهانبینییەك بەرهەم بهێنێ.

تیری ئیگلتون، مێژووی ئەدەبی بەسەر سێ قۆناغاندا دابەشدەکات: قۆناغی بایەخدان بە نووسەر بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەو قۆناغی رۆمانسیەتدا، قۆناغی بایەخدان بە دەق و بە تایبەتی لە رەخنەی نوێدا. پاشان بایەخدان بە خوێنەر بە شێوەیەکی بەرچاو. ئەدۆنیس هەر لەم پێودانگەوە دەڵێت: (ئەگەر نووسینی قەسیدە خوێندنەوەیەك بێ بۆ جیهان، ئەوا خوێندنەوەی ئەو قەسیدەیە، نووسینی جیهانە)).

هەڵبەتە خوێندنەوە بە دوو ئاراستەدا دەڕوات" لە دەقەوە بۆ خوێنەرو لە خوێنەرەوە بۆ دەق. دەق چەند بە خوێنەر ببەخشێت، خوێنەر ئەوەندە مەودای تازە بە دەقەکە دەدات کە رەنگە ئەو مەودایانە لە دەقەکەدا نەبن، جا لەم حاڵەتانەدایە کە خوێنەر هەم لە باری دەروونییەوە تێر دەبێ و هەم لە باری دەقەکەوە. ئەمەش لە خوێندنەوەدا پێی دەگوترێ کاریگەری و کارلێکی دوو لایەنە. جا کارلێکی نێوان خوێنەرو دەق دەکاتە خوێندنەوەیەکی چۆنی نەك چەندی، خویندنەوەیەك ئەوەندەی بە تەمای تەقینەوەی مانایە ئەوەندە بە تەمای داڕژانی مانا نییە، چونکە شیعری نوێخوازی بە خوێندنەوەی ئاسۆیی خۆی بەدەستەوە نادات. بۆیە خوێندنەوە دەبێ ئەستوونی بێ و لە حاڵی کارلێکێکی وەهادا بێ کە مەسافەیەك لە نێوان دەقدا وەکو بابەتێکی داهێنراوو لە نێوان خوێنەردا وەکو داهێنەر نەمێنێ، ئیدی لەزەتی خوێندەوە لەم یەکانگیرییەوە هەڵدەقوڵێت و چێدەبێت. کەواتە بۆ گەییشتن بە لەزەتی خوێندنەوەو پاراو بوونی روحی، خوێنەر دەبێ رێزی تایبەتی لە دەقەکە بگرێت و خوێندنەوەی باش بەبێ رێزگرتنی دەق مەیسەر نابێت. جا لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێت کە لەم حاڵەتەدا کە دەق لە دەلالەت بە دوورەو جۆرێك لە پەراگەندەیی تێدایە، خوێنەر وەکو لێکدەرەوەیەکی دەق ناچار نییە لەو دەلالەتانە بگەڕێ کە شاعیر ویستویەتی، بەڵکو خوێنەر لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خوێندنەوەو لە چوارچێوەی هێماو ئاماژەکانی دەق و رواڵەتەکانیدا، دەلالەت بەرهەم دێنێ یان دەلالەتێك بەرهەم دێنێتەوە کە رەنگە لەگەڵ مەبەستی شاعیرەکەدا ئاسمان و رێسمان بێت، خۆ رەنگە لەگەڵ خوێندنەوەیەکی دیکەی هەمان خوێنەر یان خوێنەرێکی دیکەشدا جیاوازبێ.

کەواتە شیعر لە هەموو کات و شوێنێکدا، چونکە هەڵقوڵاوی هە\ستێکی ئاڵۆزە، معەڕەز بووە بۆ ئاڵۆزی و گوتارو زمانێکی تایبەتی وەرگرتووە کە جیاواز بووە لە هەر گوتارێکی دیکە. جا کە شیعر لە بنەڕەتداو بە تەبیعەتی خۆی رەگێکی لە ئاڵۆزیدا بێ و ئاڵۆزی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێ، ئەوا ئەم حاڵەت و دیاردەیە لە شیعری نوێخوازیدا زەقتر بەدیار دەکەوێت و زۆر فاکتەریش دەور لە قوڵبوونەوەی ئەم ئاڵۆزییەدا دەبینن، لەوانە: فاکتەری کەلتووری و ئەپستمولۆژی بە هەموو مەوداو رەهەندێن فیکری و فەلسەفی و میتافیزیکی و سۆفیگەری و ئەفسانەییەکەوە، شاعیری نوێخواز لە هەر هەموو ئەو ناوەڕۆك و سەرچاوانە پڕ دەبێت و بە شێوازێکی شیعری بەکاریان دێنێ، بەکورتی دەیانشیعرێنێ و ئەمەش ئاڵۆزییەکی دەلالی لە شیعر بار دەکات.

فاکتەری کەلتووریی رۆژاوایی و رێبازە ئەدەبییە رۆژاواییەکان: شاعیری نوێخواز وەکو خوێنەرێك ئاگاداری سەرچاوە کەلتووریی و رێبازە ئەدەبییە رۆژاواییەکانەو جۆرێك لە کاریگەری ئەو سەرچاوانەی دەکەوێتە سەرو لایەنێکی دیکەی ئاڵۆزی بە بەرهەمەکانی دەدات. فاکتەری سێیەم گۆڕانی بونیات و چەمکی شیعرە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، کە ئەمیش بۆ خۆی جۆرێك لە ئاڵۆزاندنی دەقی بەگەڵ دەکەوێت و گەلێ رواڵەتی لێدەکەوێتەوە وەکو: غیابی دەلالی یان ونی

دەلالەت و بابەت و زاڵی تەجریدو کەڵکەڵەی کاکڵە شیعرو (شیعری خالیسەو رووت و هیچی تر نا)و تەغریب و تەقاندنەوەی زمان و کۆکردنەوەی دژ و ناکۆکەکان، بۆیە دەلالەت لە شیعری نوێخوازیدا پتر بەرهەمهێنانی دەلالەتە تا کەشفکردن و دۆزینەوەی دەلالەت. ئەم بەرهەمهێنانی دەلالەتەش پشت بە تواناو زیرەکی خوێنەر (لێکدەرەوە) دەبەستێ، کە دەبێ دەقەکەی خۆش بوێ، رێزی بگرێ و کارلێکی تەواو لە نێوان خۆی و دەقدا هەبێ و بگاتە لوتکەی لەزەتی خوێندنەوەو دەقەکە بە تەواوەتی بەری دڵی بگرێ و روحی پاراو ببێ.

**سەرچاوە:**

* الأبهام في شعر الحداثه
  د. عبدالرحمن محمد القعود / مارس/ 2002
* زمن الشعر ط2 1972 ط3 1978 ادونيس
* ادبنا الحديث بين الرؤيا والتعبير ط1 1979 ريتا عوض
* سياسة الشعر، بيروت/ط1 1985 ادونيس
* الشعر والتجربة/ أرشيبالد مكليس
  ترجمة: سلميَ الخضراء الجيوسيَ
  مراجعة: توفيق صانع
* شعرنا الحديث اليَ اين؟ غالي شكري دار المعارف بمصر، تاريخ بلا
* الصوفية والسريالية دار الساقي ط1 1992 ادونيس.

# مەرگی شیعر

حەمەکەریم عارف

((1))

وێنەی هونەری،ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەکرۆك وجەوهەری کای هونەرییەوە. واتە بەجۆرێ ئالکاوی یەکدی دەبن کە زۆر زەحمەتە لێکدی جیابکرێنەوە، واتە هونەرێکی جیهانی دروست دەبێ، وبەزمانی وێنە دەدوێ. ئەزموونان هونەرمەندانە دەگوازێتەوەو لە ویژدانان و روحاندا ریشاژۆی دەکا. ئیدی وێنەی هونەری دەبێت بە پردێکی زۆر سەلامەت و ئەمین لەنێوان داهێنەرو وەرگرا. وێنە هونەری دەبێ بەزمانی هاوبەشیان وپەیوەندی لەگەڵ دینامیکییەتی خەیاڵدا پەیدا دەکات. خەیاڵ تەڕی وتازەیی وێنە دەپارێزێ و گەشکەو لەزەت بە روح دەبەخشێت.

جا لێرەدا هەڵوەستەیەك لەسە وێنەی شیعری پێویستە, وێنەی شیعری هەڵتۆقینێکی کوت وپڕ زندووە لەقوڵایی روحەوە هەڵدەکشێت و باڵا دەکات ودێتە سەرێ وبوونی خۆی رادەگەیەنێت. وێنەی شیعری دەنگدانەوەی رابردوو نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە رابردووی دوور لەناو بریسکە بریسکی وێنەداو لەقوڵاییەکی قوڵەوە دەنگدەداتەوە. هەڵبەتە تەڕیی و تازەیی و زندوویەتی ناسنامەو دینامیکییەتی تایبەتی بە وێنەی شیعری دەبەخشن، بوونێکی ئەنتۆلۆجی وەردەگرێت و، توانای وێنەی شیعری لە بەردەوامانـدنی پەیوەنـدی لەگەڵ وەرگـردا، بۆخـۆی بویەرێکەو دەلالەتێکی ئەنتۆلۆجی مەزنی هەیە.. بێگومان داوا لە خوێنەری شیعر ناکرێ کە وێنەی شیعری بەشتێك یان بە ئەلتەرناتیفی شتێکی دی دابنێ، بەڵکو حەقیقەتی تایبەتمەندییەکانی بقۆزێتەوەو وەکو خۆی مامەڵەی لەتەکدا بکات . وێنەی شیعری پێویستی بەلێکۆڵینەوەی ئەکادیمی نییە، چونکە خەسڵەتی هوشیاری سادەو سەرەتایی هەیە، زمانی دەربڕینی لاوانەیە و بگرە زمانی وێنەیە، وێنەی نوێ و تازەو جددی. لەشیعردا وێنە پێش بیرۆکەیە، واتە شیعر پتر دیاردەیەکی روحییە تا دیاردەیەکی ئەقڵانی بێ.. ئەمەش ((خەونە هۆشی)) لێدەکەوێتەوە، هۆشی خەونئامێز, دیارە لێرەدا وشەی رۆح و ئەقڵ دوو وشەو زاراوەی هاو واتا نین وشەی روح نەمرە، مەحاڵە لەهەندێ شیعردا بشاردرێتەوە، چونکە وشەیەکە لە هەناسەمانەوە لە دایك بووە، زادەی هەناسەیە، دەنگی هەناسەمانی لەگەڵ خۆدا هەڵگرتووە، جا بۆ تێگەییشتن، یان تۆ بڵێ بۆ لەزەت وەرگرتن لە هەر شیعرێکی خالیسە، دەبێ بچینەوە سەر سەرچاو زوڵاڵ وبەخوڕە خوڕەکەی رۆح کە شیعر لەوێوە هەڵدەقوڵێ و مانا پەیا دەکات ، کە مەخابن زۆربەی شیعری تازەی کوردی ئەم سەرچاوەیەی تەرککردووەو تەڕی وتازەیی شیعریان لەدەست داوەو لەبازنەی کۆسمۆپۆلیتزمی بێهودەییدا هەنگڵە شەلێیانە,, چونکە رۆح تیشکێکی خودی خۆکردی هەیەو لەناوەوە پرشنگ دەهاوێ و تیشکە رەنگینەیەکەی ژیان بەخشی وەکو تیشکی هەتاو، بەسەر سەرانسەری شیعرەکەدا پەخشدەکاتەوە، هەرکەسێك بییەوێ لەوێنەی شیعری و لە شیعری خالیسە تێبگات و خۆشی بوێ دەبێ ئاوێتەی ئەو تیشکە خودییە بێ، نەك تیشکێك یان روناکییەك کە رەنگدانەوەی تیشکێکی دەرەکی بێ, شاعیر دەبێ کەسێکی

تیشکسازو و پرتەو خوڵقێن بێ، هیچ سەرچاوەیەکی گەرمی تیشکدەر فەرامۆش نەکات، دەنا هەزار ساڵ بخوێنێ ئاوازێکی نەمر بەرهەم ناهێنێ و رۆحی لەوتاوی پاقژنایێتەوە,, جا شیعر تا لەرۆحەوە نزیکتر بێ، لەنەخشەو بەرنامەی پێشوەختە دوور دەکەوێتەوە, زووتر لەقاڵبی وێنەدا دەمەیێ و شیعرییەت پەیدا دەکات . واتە رۆح دەرگا لە فۆرمان دەکاتەوەو شێوە بەوێنەی شیعری دەبەخشێت و دەیکات بە ئاوەدانییەکی جوان و دڵگر.. دەیکات بەدەنگێك کە دەنگدانەوەی هەبێت. دەیکات بە لەرەیەك لەرینەوەی هەبێ.بە لەرە گوێ لە قەسیدە دەگرین، بە لەرینەوە دەیلێین، ماڵی و کەوی دەکەین، لەرینەوەو دەنگدانەوە گۆڕان لە بوون دروستدەکەن.. چڕی و قووڵی دیاردەیەکی دوولۆنەی دەنگ و دەنگدانەوەی قەسیدەیە. قەسیدە بە زەبری چڕی و قوڵی و دەوڵەمەندی و بە پیتی خۆی ناخێکی تازە لە دەروونماندا بێدار دەکاتەوە..دەنگدانەوە لەواری خەیاڵی شیعریدا تەبیعەتێکی دیاردەگەرایانەی هەیە، چونکە رابوون وبێداربوونەوەیەکی راستەقینە لە داهێنانی شیعریدا و تەنانەت لە رۆحی خوێنەریشدا چێدەکات.. و بە زەبری دەنگدانەوەی وێنەیەکی شیعری تەرو تازە سەرلەبەری زمان دەکەوێتە جوڵەو ژیانێکی ئەنتۆلۆجی تێدەگەرێو دەپژێ.

((2))

هەندێ خوێنەر، تەنیا بەمەبەستی چێژو لەزەت خوو دەدەنە خوێندنەوەو لەزەتێکی رۆحی لەم خووەی خۆ دەبینن و بەدەنگدانەوەی وێنەیەکی شیعری، بەخنەخنی پەیڤێك ، بەگروگاڵی حەرفێك گەشکە دەکەن و لەدەروونەوە دەشنێنەوە، ئەم خوێنەرە جیاییە لە رەخنەرێك، جیایە لەو رەخنەگرەی داوەری دەکات و حوکم لەسەر کارێك دەدات کە کە بەخۆی ناتوانێ بیخوڵقێنێ یان وەکو دەڵێن نایەوێ بیخوڵقێنێ. بۆیە گومان لەوەدا نییە کە رەخنەگری ئەدەبی بەزەرورەت کەسێکی جددی و سەختگیرە. بۆیە رەخنەگری ئەدەبی ومامۆستای لۆجیك کە هەمووشتێك دەزانن و حوکم لەسەر هەموو شتێك دەدەن زۆر بەئاسانی تووشی بەرزیخوازی و خۆبەزلزانی دەبن. بەڵام سەبارەت بەخوێنەرێکی لەزەتخواز، ئەو شتە دەخوێنێتەوە کە حەزی لێدەکات و هەرکاتێ بییەوێ دووبارەو سێبارە دەیخوێنێتەوەو کەسیش توڕەناکات و ئەگەر هەست بە جۆرە کبریایەك یا گەشکەیەك بکات، کە زۆر جار زادەی دڵبەندیە بە وێنە یا دەقە شیعرییەکە ئەوا لە دڵی خۆیدایە و لەناخی خۆیدایەو ئاسیو بەکەس ناگەیەنێ و کەسیش هەست بەوە ناکات کاتێ کە شیعرێك دەخوێنێتەوە رەنگە خۆزیا بخوازێ کە شاعیر بوایە یان شاعیر بێ, هەر خوێنەرێکی جدی و تامەزرۆ و گەرم وگوڕ، جۆرە خۆزیاخوازییەکی نووسەریی لەلایە، و ئەگەر زۆر دڵبەندی بابەتەکە بێ خۆی دەخاتە پێستی نووسەرەکەوە.

((3))

بەهەر حاڵ سازگاری دەگەڵ خوێندنەوەدا هەرگیز لە دڵبەندی بەدەر نییە، و دەبێ بەر لەهەر ئیحتوبارێکی رەخنەیی ئەو دڵبەندییە بێتە دەربڕین تاوەکو کاریگەری دیاردەگەرایی

(فینومینولـوجی) وێنـه شـیعرییەکە بـە فیرۆنەچێت.. چـونکە لەمیانـەی ئـەم دڵبەندییـە راسـت و ڕەوانەوە لەزەتی خوێندنەوە بەرجەستە دەبێ و وادێتە بەرچاو کە ڕەنگدانـەوەی لـەزەتی نووسـین بێ، وەکو ئەوەی خوێنەر سێبەرو تاپۆی نووسەر بێ. دیـارە ئاوێتـەبوون و بەشداری خوێنـەر لـە لەزەتی داهێناندا نیشانەی داهێنانە، نیشانەی سـەرکەوتنی داهێنانـە.. ڕەگـی وێنـەی شـیعری لـە زماندایە و لەزمانەوە هەڵدەقوڵێ، و هەمیشـە لـەزمانی ئاسـایی ڕۆژانـە ، لـەزمانی ئاسـایی لێکدی حـاڵیبوون ، هەنـدێ بـەرزترە. بۆیـە کـە شـیعری ڕەسـەن، هونـەری دەخوێنییـەوە وەکـو ئەوەیـە ئـەزموونی ژیانــەوەو هەڵقوڵینەوەیــەکی بەلــەزەت تــاقی بکەیتــەوە. ئیــدی بــەمجۆرە زمــان بــە بەردەوامی دەژێتـەوەو لـە زمـانی ڕۆژانـە جیـا دەبێتـەوەو لـەوە دەردەچێت ئـامراز بـێ، دەبـێ بـە واقیعێکی بارگاوی بەژیان و شیعر و وێنەی شیعری هەم ئەو واقیعە دەسـەلمێنن و هـەم بەرهـەمی دەهێـنن.. ئیـدی بـەوجۆرە زێـدەباری ژیـانی پـەیڤان وەکـو لـە کـاروانی پەرەسـەندنی زمانـدا بەدرێژایی ڕۆژگاران دەردەکەوێ، وێنەی شیعرییش نموونەیـەکی ئـەم پەرەسـەندنە دەخەنـە ڕوو. بۆیـە شـیعری مـەزن، شـیعری شـکۆدار، کـارێکی گـەورە دەکاتـە سـەر ڕۆحـی زمـان و ئـەو وێنانـە دەژێنێتـەوە کـە سـڕدراونەتەوەو جـەخت لەسـەر سروشـتە زمانەوانییـە چـاوەڕوان نەکراوەکـەی دەکاتەوە، وغەرقی ئازادی دەکات، بەمجۆرە شیعرو زمان و ئازادی لە یەکدیدا بەرجەسـتە دەبـن و یەکدی بەرهەمدێنن و شیعر دەبێ بە دیاردەیەکی ئازادی.

((4))

شیعر هەمیشە جوڵەو بزاوتی خۆی هەیە، وێنە خۆی بە دێڕ دەسپێرێ و خەیاڵ لەگەڵ خۆیـدا هەڵـدەگێ و ئاوێتـەی خـەون دەبـێ و تـانو پـۆی ئـەو ئەزموونـە زمانەوانییـە پێکـدێنێ کـە مـرۆڤ جەرباندوویەتی و تیایا ژیاوە، بۆیە شیعر لەدەرێی خۆیدا، لـەدەرێی وێنـەدا، وێنـەی بـێ کۆتـایی دا لابوونی نییە، وتەنیا بە کەرەستەو ئامرازی شیعری مامەڵـەی لـە تەکدا دەکرێ و شیعر تـەنیا زمانی وێنە دەزانێ و بەو زمانە خەیاڵی داهێنەرانـە بەرهەمـدێنێ و دەق و دەقایـەتی دەدوێنـێ، و لق و پۆپ بۆ داهێنانی موتڵـەق دەهـاوێ، چـونکە لـەلای عەیانـە لـە دەرێـی داهێنـانی موتڵەقدا لـە شیعرییەت دەکەوێ و بڕشتی لەبەر دەبڕێ وبەڤیانی شتێکی نادیار بارگـاوی نـابێ.. کەواتـە هـەر کارێکی هونەری بەتایبـەتی شیعر کە هونەرییـەتی پەیـدا کـرد، خـۆی بـوو بەسەرچـاوەو کانگـەی ژیانی خۆی، پشت لـە ڕابـردوو وبەئاراسـتەی ئاینـدە تیشـك دەخاتـە سـەر خـۆی و تازەبوونـەوەو تــازەیی دەدوێنــێ وســنووری هــەر دەســتەمۆبوونێك دەبــەزێنێ و تــا چــاو هەتــەر بکــات دەدرەوشــێتەوەو تیشــکەرەنگینەیەکی هێنــدە ســەیر دەنــوێنێ کــە هــزر دەرۆســتی شــرۆڤەو لێکدانـەوەی نەیـەت.. کەواتـە یـەکێك لەنیشـانەکانی هونەرییـەت وڕوژادنـی سەرسـامییە لـەلای وەرگر. و پـتر پیتانـدنی ژیانـە، هـۆش لەسربوون و چاو لـە ڕۆتین بینـی ، و زمـان لەهـەرزە وێـژی وڕۆح لەنزمە فـڕی دەپـارێزێ و مـرۆڤ لـە پوکانـەو دوور دەخاتـەوە، وخـەیاڵ دەمـەزەرد دەکاتـەوە، هەڵبـەتـە خـەیاڵ لایـەنێکی هـەرە سـەرەکی سروشـت و تەبیعـەتی مرۆڤـە وسەرچـاوەی هـەموو داهێنانێکەو زۆر جار لەبەر بەرزە فڕی ولەزی خۆی لـەرابردوو و واقیـع دورمـان دەخاتـەوەو بـەناو ئایندەمان دەخات، چونکە ئەگەر خەیاڵ نـەمێنێ، هیچ جـۆرە پێشـبینییەکیش نـامێنێ کـە ڕەنگـە

بەهـەوێن و مـاكی بـەردەوامبوون بژمێردرێ, چـونكە هـەر خەیاڵـە بـەبێ وچـان و لەرێگـەی وێنـەی تـازەوە خـۆی بەرهەمـدێنێ وخـۆی دەوڵمەنـد دەكـات، بۆیـە نـابێ بەزێـدەۆیی گـەر بگـوترێ هەموودەسـكەوتە ژیـانی و ژیارییـەكان بەوێنـەی شیعریشـەوەزادەی خـەیاڵن..و خەیاڵسـزی سەرچـاوەی كارەسـاتە مرۆڤانیەكانـە چـونكە سەرچـاوەی هەرپێشـبین و ئاینـدەروانی و ژیاندۆستییەك كوێر دەكاتەوە..

# شیعر کوژی

**حەمەکەریم عارف**

زۆرجار ئایدۆلۆجیا، چ غەیبانی و چ ئەقلانی شیعر لە مەداری خۆی، واتە لە مەداری شیعر دەردەکات و دەیخاتە خزمەتی خۆیەوە. خۆی دەکات بە پێوانەو پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی هەر دەقێکی شیعری،هەر دەقێکی شیعری، هەر گوزارشتێکی شیعری لە خزمەتی بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی ئایدۆلۆژیای نێوبراو بێ ، شیعری چاکە،و پێچەوانەش پێچەوانەیە. بەمەش ئەرکێك لە شیعر بار دەکرێت کە لە بنەڕەتدا ئەرکی شیعر نییە،و هەر گوزارشتێکی شیعری دەشێوێنێ، وەکو ئەوەیە بێی زین لە سەگ بکەی و بڵێی ئەمە ئەسپە!!.واتە شیعر دەکرێت بە کارێکی ئەقلانی و دەخرێتە خزمەتی کۆمەڵێك چەمك وگوتارو هزری جەماعییەوەو لەهەر ئەزموونێکی فەردی-کە جەوهەری شیعرە- دوور دەخرێتەوە. جا بەم پێوەرە ئایدۆلۆجیاییەوە، ئەستاتیکاو ئەخلاق یەکدەخرێت و شیعریش دابەش دەبێت بەسەر ستایش و هەجودا، جۆرەکانی دیکەی شیعر لق و پۆپن و لە ستایش و هەجووەکە دەبنەوە، بۆ نموونە غەزەل، ستایشی سوخەتەکانی دلبەرە، لاوانەوە ستایشی سوخەتەکانی مردووە، وەسفیش یا وەسفی جوانییەکانە یا وەسفی ناشیرینییەکانە.. بەمە شیعر دەبەسترێتەوە بە دەسەڵاتەوە، یان بە دەسەڵاتی ئایدۆلۆجیای زاڵەوەو بەرگری لەو دەکات وبونیادە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ڕیشاژۆ دەکات و وەکو بەشێك لە بونیادی رۆشنبیری گوزارشتی لێدەکات. ئیدی بزوتنەوەی شیعری یان شیعر بەرەبەرە قاڵب دەگرێت و لە ئەزموونە ئینسانییەکە دوور دەکەوێتەوەو لە بارگە شۆڕشگێڕییەکەی بەتاڵ دەبێتەوەو دژی هەر گۆڕانێك دەوەستێتەوەو رۆژ بە رۆژ پتر خۆی بە رابردووەوە هەڵدەواسێت و خۆی کاوێژ دەکاتەوەو خۆی دووبارە دەکاتەوەو لە کۆنەپارێزیدا غەرق دەبێت،و بێهودە بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، لە کاتێکا شیعر وەکو ئەفراندن کارێکی شۆڕشگێڕانەی قاڵبشکێنەو هیچ یاساو رێسایەك قەبوڵ ناکات، جگە لەو رێسایانەی کە هەر دەقێك وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری ، لەگەڵ چێبوونی خۆیدا بەرهەمی دێنێ. واتە داهێنان و ئەفراندن لەسەرووی هەر یاساو رێسایەکی دیاریکراوو جەماعییەوەیەو یاساشکێنی خەسڵەتی هەرە زاڵییەتی، خودی شاعیرو جیهانی ناخ و دەروونی شاعیر هونەریانە ئاوێتەی هەر دەقێکی راستەقینەی شیعری دەبێت، واتە شیعر وەکو بەشێك لە ژیانی ئەفراندن، هونەریانە مومارەسە دەکرێت. وشیعر بە مانا باوەکەی نابێ بکرێ بە سنعەت و وەکو بەشێك لە ژیانی کۆمەڵایەتی- سیاسی مومارەسە بکرێت.

***

جا لەم کەش و هەوایەدا شاعیر تەسلیمی ئایدۆلۆجیا و دەسەڵات دەبێت و خۆی و شیعری خۆی هەڕاج دەکات و وەکو کەسێکی چاو لەدەست و دەسەندەخۆری دەسەڵات ، ملکەچ و مەلوول و ناچار لەبەر قاپی دەسەڵاتدارا دەوەستێ، تا دەسەڵاتدار کاڵا شیعرییەکەی پەسند

بكات و لێی بكڕێت، ئەگەر كاڵاكە بە ئاراستە وقازانجی گەشەكردنی دەستمایە سیاسییەكەی دەسەڵاتدار بوو ئەوا باشە، دەنا ماڵی قەڵب سەری ساحێبی! و بگرە سەری ساحێبیشی دەخوات! هەڵبەتە ئەم هەڵسەنگاندنەش بە گوێرەی ئامانج و مەبەستی شیعرەكە ئەنجامدەدرێ. نەك بە گوێرەی خودی شیعرەكە وەكو شیعر.. دیارە ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەش زیاتر بەلای شیعری وەسفیدا دایدەكێشێت و كەیفی بە مەجازو خوازە نایەت، چونكە وەسف بە دیارخستن و رونكردنەوەیە، و حاڵەتە شعورییەكان گەڵاڵەو بەرجەستە دەكات و ئاسانتر خۆی بەدەستەوە دەدات، بەڵام خوازەو مەجاز كردنەوەی دەرگاو پەنجەرەكانە لە دەلالەتەكان و زۆركردنی ماناكانە، وشە لە مانا حەقیقیەكەی خۆیەوە بۆ مانا یان كۆمەڵە مانایەكی تر دەگوازێتەوە، وشە لە یەقینەوە بۆ گومان و ئەگەران دەبات، لە تاك مانابییەوە بۆ فرەمانایی دەبات، بە كورتی وەسف زمان دادەخات، بەڵام مەجاز زمانو مانا دەكاتەوە.. بەسەر ئایندەو ئەگەراندا، بەسەر بەردەوامیدا دەیكاتەوە، ئەمەش لە رووی جەوهەرو كرۆكەوە خەسڵەتی داهێنانە.. جا لێرەدا و لە ناو پرۆسەی شیعریدا، جەدەلیەتی رواڵەت و باتین، شێوەو ناوەرۆك رێگە بۆ گۆڕانی بەردەوام خۆشدەكات، ئیدی نێوەرۆك و شێوە لە تەڤگەرو گۆڕانی بێكۆتاییدا یەكدەگرێت.. لەم حاڵەدا وشە، یان زمان، دەبێ لە سنورداری دەربازبكرێ و هەمان بێسنووری مانای پێ ببەخشرێ، دیارە ئەمەش بەوە بەدی نایەت كە زمانێكی ساختەی دەستكردی نامەفهووم دروست بكرێ، بەڵكو لە چۆنییەتی بەكار هێنانی زماندا بەدی دێت، واتە زمان دەبێ بە جۆرێك بەكار بێت هەر وشەیەكی رەهەندێك یان كۆمەڵە رەهەندێكی تازە وەربگرێت، و وەرگر وابزانێ گوێی لە زمانێكی تازەو نوێباو دەبێت.. ئەمەش رێبازی خوازەو مەجازە. خوازە ئەو مانایە یە كە رواڵەتی وشە ناتوانێ بیگەیەنێ. جا ئەگەر بشێت وەسف بەو ماناو چەمكەی ئاماژەمان بۆ كرد لەشیعردا بە سەلەفییەت لە هزرا بشوبهێنرێ، ئەوا خوازەو مەجاز لە شیعردا وەكو تەئویلە لە هزردا.. وەكو چۆن تەئویل بریتییە لە گەڕان و دۆزینەوەی مانا راستەقینە شاراوەكان، مەجازیش دۆزینەوەی ماناكانی ئەو دیو وشەیە...بەمەش زمانێكی شیعری تازە دروست دەبێت كە هەرگیز نە گێرانەوەی هەواڵی دروستی مەبەستە،و نە كاری فێركردن و فێركاری مەبەستە. واتە گوزارشت لە هیچ پەیوەندییەكی بابەتیانە بە شتەكانەوە ناكات، بەڵكو گوزارشت لە پەیوەندی خودی دەكات، ئەمەش پەیوەندی ئەگەرانە، پەیوەندی خەیاڵەو... واتە بەمجۆرەو لە رووی جەوهەرەوە زمانی شیعر زمانی مەجازە نەك حەقیقەت.. مەجازیش لە روانگەی نوێخوازییەوە جەوهەری زمانی شیعرییە، كە لە كەش و هەوای ئایدۆلۆجیا زەدەو دەسەڵاتزەدەدا رێی نادرێ،و حەقیقەتیش لە روانگەی سەلەفییەت و كۆنەپارێزییەوە، دەكاتە جەوهەری زمانی شیعری و لە سایەی كەش و هەوای ئایدۆلۆجیا زەدەدا رەواج پەیدا دەكات...جا ئەم مملانێیەی نێوان ئەم دوو رەوتە، لە واری گوزارشتی شیعریدا، سێ گۆڕانی گەورەی لێدەكەوێتەوە، یەكەمیان خەیاڵپەروەرییەو خەیاڵ بە ئەسڵ و سەرچاوەی هەموو جیهانەكان دادەنێ، دووەمیان لادانە لە پێوەرە باوەكان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەزموونان، چونكە هەر ئەزموونێك جێ پەنجە وشەقڵی تایبەتی و نەفەسی تایبەتی خاوەن ئەزموونەكەی پێوەیەو ئەمەش بە پێوەرە باوەكان نایەتە

هەڵسەنگاندن.. سێیەمیان، دەرچوونە لە قاڵبگەرایی، چونکە شێوە قاڵبێك نییە لە دەرێڕا بهێنرێ و دەقی شیعری تیٚ بڕێژی و لە ئەنجامدا شیعرەکە لەو قاڵبەدا بماسیٚ و دەق بگرێت، بەڵکو لەناو پرۆسەیەکی هونەرییداو بەدەم خەمڵینی ئەو پرۆسەیەوە شیعرییەت پەیدا دەکات،و خۆی لە خۆیدا دەبیٚ بە شێوەو قاڵبی خۆی و هەموو رەگەزە هونەرییەکان لە خۆیداو خۆی لە رەگەزە هونەرییەکاندا ئاوێتە دەکات و چڕە ئەزموونێکی مرۆڤانی پوختە دەگوڕێت بۆ بەرزە هەستێکی خەیاڵ ئەنگێزو رۆح ئەنگێز و جاڕی هونەرییەتی خۆی دەدات و بەگەڵ ڕۆژگار دەکەوێت،و دەبێت بە بەڵگەنامەیەکی هەرە تایبەتی کەشفکردنی توانای مرۆڤ و بەهرەی داهێنانی مرۆڤ

***

ئایدۆلۆجیا بەتایبەتی کە بوو بە دەسەلاٚت، دەبیٚ بە پرۆسەیەکی تەلقینکاری، و کار بۆ دەستەمۆکردنی مرۆڤ و سنووردارکردنی کەڵکەڵە مرۆڤانییەکان دەکات و ئەقڵ بە تەواوەتی جڵەو دەکات و گوێڕایەڵی و سەرکزکردن دەکات بە داب و نەریتی باو،بەکورتی خۆی دەکات بە تەوەری ئەسڵی هەموو دیاردەو رووداوەکان. بەمەش جاڕی دکتاتۆرییەتی سیاسی دەدات و هەموو دیاردەو چالاکییە مرڤانییەکان بۆ خزمەتکردنی خۆی کۆنترۆڵ دەکات، بە بواری چالاکیی هزری و رۆشنبیری و ئەدەبیشەوە.. جا کە باسەکەمان باسی شیعر بوو، هەر شیعرێك کە بەرگری لە بەهاکانی ئەو کرد، شیعری باشە،و پێچەوانەش پێچەوانەیە، دیارە گوزارشتی شیعری بۆ خۆی جۆرە ئەفسوونێکی هەیە،و زۆرجار نەهەق لە خەڵکی دەکات بەهەق،و هەق لە خەڵکی دەکات بە نەهەق، بۆیە دەسەلاٚت کە زوو پەی بەم کاریگەرییەی شیعر بردووە، کاری لەسەر کردووەو بە قازانجی خۆی بەکاری هێناوە، دیارە لەم کەش و هەوایەدا، شیعر وەکو شیعر دەپوکێتەوەود ەبێت بە ئامرازی خزمەتکردنی دەسەلاٚت و ئایدۆلۆجیای دەسەلاٚت، کە بە تەبیعەت کۆنەپارێزەو دژی هەر گۆڕان و پێشکەوتنێکە، جا لەم وەزع و حاڵەدا شیعر وەکو چالاکییەکی کۆمەلاٚیەتی–ئەخلاقی سەربە ئایدۆلۆجیاو بەرژەوەندی دەسەلاٚت تەمەشا دەکرێت، حیساب بۆ هونەرییەت و جوانی شیعر ناکرێت، بەڵکو حیساب بۆ بیرەکەی و سوودەکەی دەکرێت... واتە ئەرك و وەزیفە ئەخلاقی، کۆمەلاٚیەتی و ئایدۆلۆجییەکەی گرنگە، نەك لایەنە تەکنیکییە ئەستاتیکییەکەی .. واتە شیعر دەبێت بە ئەوزارێکی ئایدۆلۆجی،و لە هەر ئەرکێکی ئەستاتیکی و داهێنان رووت دەکرێتەوەو ئەرکێکی کۆمەلاٚیەتی ئەخلاقی لیٚ بار دەکرێت ، دەبیٚ بەشان و باڵی دەسەلاٚتدا هەڵبدات.. ئەمەش دەبێتە مایەی سنوورداری شیعرو زاڵبوونی ناوەرۆك بەسەر شێوەدا، و شیعر لەوە دردەچێت داهێنان بیٚ و جگە لە داهێنان چ ئەرك و پەیامێکی دیکەی نەبێت. شیعر دەبێت بە بڵندگۆی دەسەلاٚتی ئایدۆلۆجیاو سیاسەت،و بە پێوەرو پێوانە سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەلاٚیەتییەکان هەڵدەسەنگێنریٚ نەك بە پێوەری شیعری، ئەمەش دەبێتە مایەی بەدحاڵی بوون و بەدچێژی لە شیعر،ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە تەنیا مانا دیارو رواڵەتییەکانی وشەی شیعری دەرك دەکەن و ناتوانن بۆ ئیحاو سێبەرو رەهەندو مەودا شیعرییەکان شۆڕ ببنەوە...بۆیە ئەزموونی زاتی لە شیعردا، بە تایبەتی لە شیعری تازەدا، یەکێکە لە نیشانەکانی تازەخوازی و تازەبوونەوەو پێداگرتن لەسەر شیعرییەتی گوزارشتی شیعری.. ئەزموونی زاتی واتە بایەخدانی

پتر بە جیهانی ناوەوە، جیهانی نەست و سۆزو ئارەزوو و خولیاو کەڵکەڵەکانی مرۆڤ، تا بە جیهانی دەرەوە، واتە بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان، واتە لە شیعری تازەدا بەلای کەمەوە جیهانی ناوەوە بەر لە جیهانی دەرەوەیە..بەڵام ئەزموونی سیاسی ئایدۆلۆجیش لە شیعرا، بۆ خۆی ئەزموون بووەو هەیەو کاری بۆ یەکێتی نێوان هزرو شیعر کردووەو شیعری بە شێوەیەك لە شێوەکانی فیکر لە قەڵەم داوە، واتە لەم تەجروبەیەدا شیعر لە دوا ئەنجامدا بە شێوەیەك لە شێوەکانی ئایدۆلۆجیا دانراوەو هەرگیز ئەو بۆچوونە قەبوڵ نەکراوە کە شیعر تەنیا گوزارشت بێ لە ویژدان یان لە هەڵچوونەکانی هەست، لەم تەجروبەیەدا شیعر ئەوزارێکە بۆ خزمەتی بیرو باوەڕو ئایدۆلۆجیایەك، واتە شیعر ئەوزارو وەسیلەیەکی دەستەجەمییە نەك فەردی کە بێگومان ئەمە بە زیانی شیعرییەت دەشکێتەوە، لەم حاڵەتەدا شیعر کار بۆ پاراستنی ئەو بەها ناکۆکانە دەکات کە لەگەڵ ئەزموونەسیاسییە ئایدۆلۆجییەکەدا دەسازێ ، یان ئەو بەها تازانەی کە لەگەڵ ئەزموونە سیاسییە ئایدۆلۆجییەکەدا وەکو بەشێك لەو سەرهەڵدەداو پەیدا دەبێت و کار بۆ چەسپاندن و گشتاندنی ئەو دەکات..ئیدی دەبێ بە ئەزموونێکی کۆنە پارێزی و سەلەفی، بەڵام شیعری زاتی ، یان شاعیرانی سەر بە ئەزموونی زاتی خۆ بە هیچ بەهایەکی باوەوە نابەستنەوەو لە هەر داب و نەریتێکی کۆن یاخی دەبن، وگوزارشت لە تەجروبەیەکی زاتی تا سەر ئێسقان مرۆڤانی دەکەن، و مرۆڤیش بە تەبیعەت بوونەوەرێکی  تازەو تازە خوازە، چونکە شیعر خۆی لە خۆیدا داهێنانە، نەك گێڕانەوەو شرۆڤە، ئەم تازەخوازییە تەنانەت لە زمانیشدا رەنگدەداتەوە، چونکە هەر دەقێکی شیعری لەگەڵ شیعرییەتی خۆیدا زمانی خۆیشی بەرهەمدێنێ،و  وشە لە مەداری خۆی دەردێنێ و مانای تازەو مەوداو رەهەندی نوێی پێدەبەخشێت، زمانی واقیعی دەبەزێنێ ،وخۆی بە زمانی مەجازو خوازە دەسپێرێت،و قەدەغە رۆحانی و کۆمەڵایەتییەکان دەبەزێنێ و دەگەڕێتەو بۆ ئەو سەرەتایانەی کە ئینسان شەرم و شەرمەزاری نەزانیوە، ئەمەش لادانە لە داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە، کە خۆی لە خۆیدا هەڵگری بەهایەکە بۆ خۆی.. دیارە هەر پیرۆزو حەرامێك رێگرە لە بەردەم کرانەوەی مرۆڤدا، بۆیە لادان لەم پیرۆزو حەرامانە، مایەی سەرنجەو پشتیوانییە لە شۆڕشگێڕییەتی خۆڕسکی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ بە تەبیعەت بوونەوەرو گیانلەبەرێکی شۆڕشگێڕە، جا شیعری تازە، وەکو ئەزموونێکی زاتی ئەم تەبیعەتە دەلاوێنێ و جێگە بە بەها بۆماوەییەکان، چ بەهای ئاینی  یا کۆمەڵایەتی یان ئەخلاقی بن، لەق دەکات و بەشداری لە دامەزراندنی سیستەمێکی تازەی بەهایان دەکات کە مانایەکی تازەو هاوچەرخ بە خۆشەویستی و ڤیان و ئافرەت و شتە گشتییەکانی ژیان  ببەخشێت و کە ئەم بابەتانەی کرد بە ناوەرۆك شێوەکەشی، کە زمانە دەگۆڕێت و بنەما هونەرییە باوەکان دەبەزێنێ و بەگەڵ ریتمی تازەی ژیان دەکەوێت، واتە شیعر دەبێت بە شیعری کرانەوە بەسەر مرۆڤدا وەکو مرۆڤ، ئەم کرانەوەیەش بۆ خۆی دژی هەر کۆنەپارێزی و سەلەفییەتێکە. واتە شیعری تازە هەڵوێستێکی مرۆڤانییە، کەڵکەڵە مرۆڤانییەکان لە رێگەی هونەراندنەوە کەشفدەکات... ئیدی گوزارشتی شیعری لە ئەنجامی کارلێکی ناوەوەو دەرەوە شیعرییەتی خۆی دەسەبەردەکات و لە دەقێکی کراوەدا بەر جەستە دەبێت...

بـەڵام لایـەنگرانی ئـەزمونی سیاسـی ئایـدۆلۆجی، ئەگـەر دەرفـەتێکی تـازەش بـە گوزارشـتی شیعری بدەن، ئەوا زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانیان لە دەقی داخراودا، واتـە لـە چوارچێوەیەکی فیکری پێشوەختە ئامادەکراودا بەرجەستە دەبێت و..

---

تیبیـــــــــــــــــــــــنی:بۆ زانیاری پتر بڕوانە:

1-اسطورة الادب الرفيع/د. علي الوردي/ط2 -1994
2- الثابت والمتحول/ الاصول/ 1974/ادونيس

# ڕاوە خەیاڵ

حەمەکەریم عارف

یەکێك لە رەگەزە شیعرییەکان ، وێنەی شیعرییە، جا تا تەڕو تازە بێ، پتر بەرجەستە دەبێت و بە شێوەیەکی زندوو و کوتوپڕ، دڵ و دەروون پاراو دەکات و ئۆخژن بە ناخ دەبەخشێت. جا لێرەدا دەبێت ئاماژەیەکی خێرا بۆ ئەوە بکرێت کە شیعر ژانرە ئەدەبێکی هەرە تایبەتییەو رەنگە بکەوێتە دەرێی بازنەی ژینگەو مێژووەوە، و خۆی مێژووی خۆی بێت، جا وێنەی شیعری زادەو پابەندی هیچ هاڕوژانێکی دەرونی نییە،و دەنگدانەوەی رابردووش نییە، بەڵکو لە میانەی پڕشنگدانەوەی وێنەکانەوە، رابردووی دوور دەنگدەداتەوەو هیچ دیار نییە ئەو دەنگدانەوەیە لە چ قولاییەکەوە دێ و لە کوێ کۆتایی دێت. وێنەی شیعری ناسنامەو دینامیکییەتی خۆی هەیە. جا بۆیە خوێنەری شیعر لەسەرێتی دەرك بە حەقیقەتی تایبەتمەندی وێنەی شیعری بکات و هەرگیز وێنەی شیعری بەبریکاری شتێکی دی نەزانێ. چونکە لەدەرێی تایبەتمەندییەکەی خۆیدا مردار دەبێتەوەو خۆی بەدەستەوە نادات و لەزەتە ئەستاتیکییەکەی لە دەست دەدات.. چونکە شیعر بە شێوەیەکی گشتی پتر دیاردەیەکی رۆحییە تا دیاردەیەکی ئەقڵانی بێت، واتە وێنە پێش بیرو بیرۆکەیە.. رۆح بۆخۆی پڕشنگێکی ناوەوەی هەیە، بە دنیایەك رەنگی زۆر جوانەوە خۆی دەنوێنێ، واتە رۆح لەناوەوە تیشك دەخاتە سەرخۆی و رەنگدانەوەی تیشکی دەرەکی نییە.. جا بەم پێیە شاعیر لە رێگەی وێنەی شیعرییەوە تیشك و روناکی بەرهەمدێنێ و گەرم و گوڕی بە ژیان دەبەخشێت... جا ئەمە بەو مانایە نییە ئەقڵ بە تەواوەتی لە دیاردەگەرایی وێنەی شیعری بسڕینەوە... بەهەرحاڵ جان جیف گوتەنی: "شیعر رۆحێکە لە شێوەدا دەکرێتەوە." هەڵبەتە شێوە بەر لەوەی تیشکی شیعری ناوەوە روناکی بکاتەوە، وەکو بابەت، بابەتی ئەقڵە، بەڵام رۆح دێت و فۆرم و شێوە دەکاتەوەو ئاوەدانی دەکاتەوە. هەڵبەتە ئەم پرۆسەیە بۆ خۆی دەنگ و دەنگدانەوەی هەیە. دیارە هەر دەنگدانەوەیەکی رەسەن قوڵی بە بوونمان دەبەخشێت و گۆڕانێك لە بوون دروست دەکات. چڕی و قوڵی لە شیعردا دیاردەیەکی دوولۆنەی دەنگ و دەنگدانەوەیە. پێدەچێت چڕ و قوڵی و بەپێتی شیعر یان قەسیدە، قولاییەکی تازە لە ناخماندا بێدار بکاتەوە. هەرشیعرێك یان دەقێکی شیعری ئەم دیاردەیەی لێکەوتەوە، نیشانەی داهێنانی راستە قینەیەتی..و خوێنەر لەم حاڵەدا تەواو لەگەڵ خوێندنەوەدا ئاوێتە دەبێت، وئەم تەبایی و گونجانە لەگەڵ خوێندنەوەدا هەرگیز لە دڵبەندی جیا نابێتەوە، خوێندنەوە دەبێت بە لەزەتێکی ئەستاتیکی و ،رۆحی خوێنەر پاراو دەکات. دیارە لەزەتی خوێندنەوە، یان ئەم جۆرە خوێندنەوەیە، رەنگدانەوەی لەزەتی نووسینەو خوێنەر حاڵێکی ئەوتۆی لێدێت لە تۆ وایە تاپۆی نووسەرەکەیە. جا بەشداریکردنی خوێنەر لە لەزەتی ئەفراندندا خۆی لە خۆیدا

بەڵگەی ئەفراندنە. ئەفراندنی وێنەی شیعریش لە زمانەوە هەڵدەقوڵێت...زمانی شیعریش لە زمانی ئاسایی باڵاترە، بۆیە کاتێ لەگەڵ ئەو شیعرانەدا دەژین کە دەیانخوێنینەوە، ئەزموونی ژیانەوە دووپات دەکەینەوەو زمان لەوە دەردەچێت ئامرازی پەیوەندی بێت، چونکە شیعری باش و شکۆدار کاریگەرییەکی مەزنی بەسەر ڕۆحی زمانەوە دەبێت و ئەو وێنانە دەژێنێتەوە کە واتەسەور دەکرێت کاڵبوونەتەوە یان سڕدراونەتەوە.ولەم حاڵەدا شیعری مودرێن ئازادی بە جەستەی خۆی دەبەخشێت و دەبێ بە دیاردەیەکی ئازادی.. ئازادی لە جوڵەو تەڤگەر بەدەر نییە، بەم پێیە شیعر هەمیشە دینامیکیەتی خۆی هەیە، کە وێنەی خۆی بە بەیتی شیعر دەسپێرێت بەرزە خەیاڵ لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و لەتۆ وایە خەیاڵ دەبێت بە ڕەگی ژیانی ئەفراندن...و هەموو ئەمانەش لە زماندا و بە زمان دێتە دی و وێنەی شیعری ئەو ئەزموونە زمانەوانیانە پێکدێنێ کە مرۆڤ بەرۆح تیایا ژیاوەو ئاوێتەی بووە..لە شیعردا وشە بە وێنەی شیعری دەدوێ و ئەگەر بە جددی گوێی لێبگرین دەتوانین پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵدا چێبکەین. دیارە لێرەدا تەنیا شیعری شکۆدارو زندوومان مەبەستە، شیعرێك کە بتوانێ بژی و بەردەوامی بە شیعرییەتی خۆی بدات. هەڵبەتە ئەم جۆرە شیعرانەش یەجگار کەم و دەگمەنن. واتە ئەو شیعرانەی کە ڕاستەوخۆ زادەی خەیاڵن و هۆش بێدار دەکەنەوەو لە متبوونی دەخەلەسێنن و ژیان بە پیتتر دەکەن زۆر کەمن، لە کاتێکا کە خەیاڵ ڕەگەزو نیروویەکی سەرەکییە لە ڕەگەزو نیرووەکانی سروشتی مرۆڤانی،و خەیاڵ سەرچاوەو کانگەی داهێنانی وێنەیە،و خەیاڵ بەهۆی کاریگەریی خۆیەوە لە ڕابردوو ولەواقیع دامانەبڕێت و ڕوو بەرووی ئایندە دەبێتەوە.... هەر شاعیرێك توانای خەیاڵکردنی نەبێت، یان خەیاڵدانێکی بە پیتی نەبێت، توانای هیچ جۆرە پێشبینییەکی نابێت و ئەم خەیاڵسزییە لە ڕێژەیەکی زۆری شیعری تازەی کوردیدا، زۆر بەزەقی دیارە.. خەیاڵ بە وێنەی تازە خۆی دەوڵەمەند دەکات... شیعری چاك وەکو چیایەکی چڕەدارستانی سەربەتەم وایە و خوێنەر بە زندە خەونان دەسپێرێت،و وای لێدەکات زندە خەون بدینێ .. و زندە خەونیش، خەیاڵ دەمەزەرد دەکاتەوە، تازەیی خەیاڵ لە وێنەی تازەدا ڕەنگدەداتەوەو کە وێنە تەڕو تازە بوو دنیاش تەڕو تازە دەنوێنێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەخۆمان هەموو شتێك دابهێنین و دووبارە شتەکان بخوڵقێنینەوە، واتە هەموو شتێك لە ژیاندا کەرەستەی خوڵقاندن و خوڵقاندنەوەیە، ئەفراندن و ئەفراندنەوەیە، دیارە فۆرم و شێوە زادەی ژیانە، واتە ژیان دەتوانێ شێوەی زندوو بخوڵقێنێ، بۆیە بە پێی یاساو ڕێسای خەیاڵ و زندە خەونان فۆرم و شێوە دەکاتە ماڵی ژیان و ژیان لەوێدا دەهێورێ و جۆرە دڵنیاییەکی نیگەرانی ئامێز پەیدا دەکت... دیارە لە ڕێگەی شیعرەوە زمان دەبوژێتەوەو سەرلەنوێ توانای ئازادی دەربڕین پەیدا دەکاتەوە، هەڵبەتە زمان لە هەناوی خۆیدا جەدەلیەتی کرانەوەو داخرانی هەڵگرتووە، لە میانەی ماناوە دادەخرێ، بەڵام لە میانەی گوزارشتی شیعرییەوە دەکرێتەوە...

جا شیعری خالیسە هەوڵێکە بۆ ئەفراندنی دنیایەکی تازە، پەنجەرەکانی ئێستا بەسەر ئایندەدا دەکاتەوەو وەستان قەبوڵ ناکات و لەگەڵ شەپۆلی گۆڕاندایەو ماهیەتی ئەزموونی

مرۆڤانی به ئاڕاستەی ئایندەدا دەشیعرێنیٚ و له قاڵبی هونەردا بەرجەستەی دەکات...و شیعری تازه تەنیا بەوەوه ناوەستیٚ له چوارچێوەی هونەره رەوانبێژییەکانی وەکو واتا ناسی و رونکاری و جوانکاریدا قەتیس بمێنیٚ وخۆی له قەرەی ئەزموونه مرۆڤانییەکان نەدات و هەقی بەسەرەوه نەبیٚ.. بۆیه هەر شاعیرو ئەدیبێك بیەویٚ ئەزموونی پێشینان دووباره بکاتەوه، بشفڕیٚ هەر لاساییکەرەوەیه، له جیاتی رابردوو له ئێستادا بژێنێتەه، ئیستا له رابردوودا زندان دەکات ، چ شتێکی تازه ناخوڵقێنیٚ و داناهێنێت...

# شیعرییەت یەکسانە بە ئەفسانەسازی

## حەمە کەریم عارف

"1"

بێگومـان بزاڤـی رۆشـنبیری کـوردی, بـە هـەموو بوارەکانییـەوە, لـە کۆنـەوە تـاکو ئەمڕۆکـەش پەیوەسـت بـووە بـە بـارودۆخی بزاڤـی وەخـت و رۆژی بـاوی کوردسـتان. واتـا بـاری رامیـاری راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کـاری کردۆتـە سـەر بزاڤـی رۆشـنبیری کـوردی. هەڵکشـان و داکشـانی بارە سیاسییەکە, هەڵکشان و داکشانی بارە رۆشنبیرییەکەی بەگەڵ خۆی خستووە. دیـارە نـابێ ئـەوەشمان لـەبیر بچـێت کـە بـاری ئـابوری کوردسـتان هەمیشـە فاکتـەرێکی گـرنگ بـووە لـە ئیفلیجاندنی جیهانبینی و رۆشنبیریی سیاسیمان, کەواتە ئەدەبیاتیش کەم و زۆر, راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو ئیفلیجاندنەوە.

هەڵبەتـە شـیعر وەکـو لقێکـی گرینگـی ئـەدەبیاتی رۆژهـەڵاتی نـاڤین, بـێ رەگ و رەگەمانییـە و خۆبەخۆ و لە خۆڕاو وەکو قارچك هەڵنەتۆقیوە و سـەری هەڵنـەداوەو پەیـدا نـەبووە, گەلـەك هـۆی سیاسـی و ئـابووری و مێـژوویی و کۆمەڵایـەتی و رۆشـنبیریی دەوریـان لەسـەر هەڵـدان و پەیـدا بوونیـدا دیتـووە. مێـژوو, هیگـل گوتـەنی: "بـە شـێوەیەکی گشـتی بریتییـە لـە گەشـە کـردن و کامڵبوونی روح لە چوارچێوەی زەماندا" جا هەر لەم پێناسەیەوە گەلێك پرسیاران دێنە گۆڕێ و وەڵامدانـەوەی هـەموویان بـە ئێـرە زۆر دەخایـەنێ بۆیـە لام سـەرلایی دێینـە سـەر مێـژووەو دەڵـێین تیرەی بەشەر وەچەی دوای وەچە هاتووەو قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ رەوتی خاو یان گـورج و بەلـەزی مێـژوودا هەڵکشـاوە, گـۆڕان بەسـەر ژیـان و بیرکردنـەوەی داهـاتووە, ئـەوەی لـە قۆناغێکـدا شـیاو بووە, لە قۆناغێکی دیکەدا کۆن بووەو چووەتە مۆزەخانەی مێژووەوە.. کەواتە مێـژوو یەکێکـە لـە فاکتەرە گرینگەکان و کاریگەری بەسەر سەر لەبەری چالاکییەکانی مرۆڤەوە هەیە.

ئەدەبیاتیش وەکو چالاکییەکی هەرە لە مێژینەی زهنی مرۆڤایەتی لەم حاڵە بەدەر نـەبووەو نییـە. بۆ وێنە لە قۆناغی ئەمڕۆماندا کەس بە شێوە و شێواز و رێبـازی "نـالی" شیعر ناڵێت: چونکە "نالی" کوڕو دەنگ و دەنگدانـەوەی سـەردەمێکی مێـژوویی جیاواز لـە سـەردەمی ئێسـتای ئێمـە بووە. عەبدوڵڵا گۆرانیش نە کوڕو نە دەنگ و دەنگدانـەوەی سـەردەمی نـالی بـووەو نـە کـوڕی ئـەم سـەدەیەی دواییەشـە وەکـو حـوزووری مـادی بـەڵکو شـیعرەکانی, دەنگدانـەوەی شـیعرەکانی لـە رۆژگاری ئەمڕۆدا حوزوری مەعنەوییان پێ بەخشیوە و هێوەتریش دەڕوات.. و هەوڵی سـەرەتای عەبدوڵڵا گـۆران و هاوڕێکانی و پاشـان روانگـەو روانگەچیانی هـەروا زوو لە ئەدەبیاتی شیعری کوردیدا نارەوێتەوە, وەکو چۆن عەبدوڵڵا گۆران و هاوڕێکانی رەگێکیان دەچێتەوە سەر زەمینەی شیعری قۆناغەکانی پێش خۆیان و شیعری میللەتانی دیکەش, روانگەو روانگەچیانیش –وێڕای ئـەوەی کـە هەنـدێ ووتـی سیاسـیان لـە سـەرە– بیانـەوێ و نەیانـەوێ رەگێکیـان دەچێتەوە

سەر عەبدوڵڵا گۆران و هاوڕێکانی. دیارە وەچەی ئەمڕۆش لەم حاڵە بەدەر نابن, بە تایبەتیش کە مێژووی ئێمە, مێژوویەکی سست و خاوو مەیلەو وێستاوی لە بابەتی سەدەکانی ناوەڕاستە. نەك لە بابەتی مێژووی پڕ لە بزاڤ و گورج و خۆشبەزی سەدەکانی "17-20"ی ئەوروپا. ئەمە جگە لەوەی هەر قۆناغێك ژێلی دەنگی خۆی دەنگدانەوەی قۆناغی پێش خۆیشی لەگەڵ خۆدا دێنێ و جیهانبینییەکی مرۆڤدۆستانەی هاوچەرخ بە خەڵکی دەبەخشێت. ئەمە هەندێکە لە خاڵی یەکانگیری و جیابوونەوەی دەنگە شیعرییە تازەکان و ڕێبەرانی شیعری ئازاد و ڕوانگەچییان و نیمچە ڕێبازەکانی دیکەی شان بە شانی نیمچە ڕێبازی ڕوانگە. دیارە مەسەلەی زانینی زمانی بێگانەش سەرچاوەیەکی دیکەی خوێندنەوە بۆ هەندێ لە دەنگە شیعرییە تازەکان فەراهەم دەکات و ئەمەش دەبێتە ئەزموون و دێتە پاڵ ئەزموونی خۆیان و جۆرە دەوڵەمەندییەك بەم دەنگانە دەبەخشێت و ناچار پەلاماری ئەفراندنی دەقی مەزن و نەمر دەدەن.

"2"

واقیعی حاڵی حازری نوێگەری شیعری کوردی لە ئاستی خۆزگەدا نییە. هەرچەندە ئەمە پتر پەیوەستە بە مێژووی نیمچە وەستاوی خۆمانەوە, بەڵام وەختی ئەوە هاتووە شیعر سنووری لێکچوون و خواستن و ڕەمز ببەزێنێ و بێ پاکانە خۆی بە دنیای ئەفسانەدا بکات و خۆی لە دواندنی ڕاستەوخۆی جەماوەری بەرین بپارێزێ و جۆرە خۆدواندنێك بگرێتە خۆی و واز لە ڕەوتی ئاسۆیی پشت بەستوو بە تەداعی و فلاش باك بێنێ و بە شێوەیەکی هونەری بەرەو قوڵایی داکشێت. وێنە شیعرییەکانی هێندە وەستایانە بداتە دەم یەکترەوە کە خوێنەر بە خۆی مەبەستەکە هەڵێنجێ, نەك چاوەنۆڕی ئەوە بێ شاعیر مەبەستەکەی بداتێ. هەروەها تێکەڵ کردنی وێنەو ڕەمزەکانی فەرامۆش نەکات. ڕەمز بریتییە لە کەشفکردنی کۆمەڵێك ڕاز و نهێنی گەشکە بەخش. واتا بینانانەوەی واقیع بە شێوەیەکی ئەفسانەیی ئەوتۆ کە ناڕاستەوخۆ لە دەرگای تێگەیشتنی خوێنەر بدات. هەڵبەتە ئەفسانەسازی بەو مەبەستە نییە, شاعیر مەبەستی خۆی لە بن حەوت تویکڵان ڤەشێرێ و پەنا بەرێتە بەر هێنەدێ ووشەی لەباوکەوتوو, و دەستەواژەی پچڕپچڕ و ڕستەی لنگەو قوچ و بەتەمتومان, هەڵبەتە ئەم و مژی داهێنەرانە پێویستە و هەر دەقێکی گەورە بگری شکۆدارییەکی بەتەمی خۆی هەیە. بۆ دەبێ بایەخ بە تەم و مژی داهێنەرانە بدرێت و ببێت بە هۆیەك بۆ پتر هاڕوژاندنی مرۆڤ و دیاری کردنی پێگەی مرۆڤ لە کەوندا, جا ئەمە چەند لە شیعری ئەمڕۆی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە بە قەناعەتی بەندە ئەگەر لە تاك و تەرای شیعری ئەم یان ئەو شاعیریشدا ڕەنگی دابێتەوە هەر نەگەییوەتە ئاستی خۆزگە.

"3"

دوارۆژی شیعریش بەرەو ئەوە دەچێت کە شاعیر هەوڵی ئەوە نەدات شتێکی دیاریکراو بڵێت. بەڵکو لە نەگوتنی شتە دیاری کراوەکەوە هەموو شتێك نیشان بدات و بڵێت. بەڵام نەك نیشاندان و گوتنێکی چەنەبازانەی بازاڕی سواو. بەڵکو نیشاندان و گوتنێك تەنیا هێماو ئاماژەو ڕەمزی کورت خێراو بەلەز بێ.. بە کورتی کێردێکی تیژ تیژ بەنێو زامی مرۆڤدا بێڕەحمانە بگێڕێت و توێ توێ خوێی پێوە بکات.. ئەمە شیعرییەتی ڕاستەقینە بە شیعری کوردی دەبەخشێ و بێ

باكانه به ئەفسانەی دەسپێرێ و دەق له خوێنەری تەمەڵیش دەپارێزێ.. مەخابن گرفتی گەورەی خوێنەری ئێمه تەنیا ئەوه نییه که شیعر ناناسن, بەڵکو شتێك به شیعر یان شتگەلێك به شیعر دادەنێن که له بنەڕەتدا شیعر نین –کلۆڵ خۆت شاعیری کورد–.

"4"

شاعیری ئێستا به گشتی و هی دوارۆژ بەتایبەتی له سەرێتی جۆره خوایەتییەك –خوایەتی له روانگەی شیعرییەوه– بخولقێنێ که تەنیا موریدی یاخی, یاخی بەو مانایەی که هەموو خەمێکی کەینونه پەیدا کردن بێ, قبول بکات.. نەك بچێت رەخنه له وەزع و حاڵێکی تایبەتی بگرێ –ئەمه به هیچ جۆرێ کار و ئەرکی شیعر نییه– چونکه که خوایەتییەکه دروست بوو هەنگینێ چ ناڕەوایی و بێدادییەك خۆی له بەردەمیدا راناگرێ.

# دەربارەی شیعرو شاعیری

## نووسینی: ڕەزا بەراهەنی    و: حەمە کەریم عارف

-1-

شیعر، زادەی سەرهەڵدانی حاڵەتێکی زهنی ئینسانە لە چوارچێوەی سروشتدا، واتە شاعیر حاڵەتێکی لێدێ کە لە ئەنجامی ئەو حالەتەدا جۆرە پەیوەندییەکی زهنی لە نێوان شاعیرو شتەکانی دەوروبەریدا پەیدا دەبێ. ئەم پەیوەندییەش بۆخۆی پەیوەندییەکی ڕۆحی ئەو تۆیە کە شتەکان تێیدا حاڵەتی ڕەهای فیزیکی و مەتریاڵی خۆ لە دەست دەدەن و هێندێ لە هەست و سۆزو بیرەکانی شاعیریان ئاوێتە دەبێ.

شاعیر[1]، لەو حالەتەدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەفسوونی خودی شتەکان. ڕازو نهێنی و بوونی شتەکان لە ڕێگەی لۆژیك و حیساباتی بیرکاری و زانستییەوە، کە حیسابیان بە تەواوی لە حیسابی شیعر جودایە، کەشف ناکات. بەڵکو بە خوێن و هەست و بیرو ئەندێشەی خۆی کەشفی دەکا. شاعیر لە ساتە وەختی داهێنان و ئەفراندنی شیعردا، دەکەوێتە وەزع و حاڵێکی واوە کە هێندێ لە شتەکانی سروشت لە ساتێکی تایبەتیدا قبوول دەکاو پێشوازیان لێدەکاو بەشێوەیەکی کاتی هێندێکی تریان لە زهن و هزری خۆی وەدەر دەنێ. واتە بە هەمان شێوەی کە هێندێ لە گوێدێرانی مۆسیقا لە کاتی بیستنی مۆسیقادا چاوی خۆ دەنووقێنن تا پتر هزری خۆ بۆ پێشوازی مۆسیقاکە ئامادە بکەن و لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە خۆیان لە شەپۆلە نەشئە بەخشەکانی مۆسیقاکەدا نقوم بکەن. یان وەکو چۆن کڕنۆشبەر لە حاڵی کڕنۆش و سوجدە بردندا پەیوەندی خۆی لەگەڵ هەموو شت و مرۆڤەکانی دەوروبەریدا دەپچڕێ تا تەوێڵی لە عاردی توند بکاو گوێ بۆ ئەو بانگەوازە غەیبانییە رادێرێ کە لە خاکەوە هەڵدەقوڵێ و دەبێ بە شیفا بەخشی ڕۆحی پڕ سوێ و ئازاری.

بەمجۆرە شاعیر، لەیەك شیعردا، بەشێك لە شتەکان بە هەموو ڕۆحی خۆی وەردەگرێ و بەشێکی تریان بەشێوەیەکی کاتی و لە ڕێگەی نەستەوە (لاشعور) لە هزری خۆوەدەر دەنێ، هەر ئەم هەڵبژاردنە تایبەتیەشە کە بوونەوەرێك بە نێوی شیعر دەخوڵقێنێ کە جیاوازو دوورە لە بوونەوەرەکانی دی.

لە شیعر گوتندا جۆرە حاڵەتێکی عارفانە و شێوە فەنایەك لە جیهانی بێ سنووری شتەکاندا هەیە. شاعیر، سۆفییەکە لە بری ئەوەی لە خوادا بتوێتەوە، دەیەوێ ئاوێتەی شتەکان ببێ. شاعیر سۆفییەکە لە پەرستگای شت و ئینسانەکاندا سەری بردۆتە سوجدە.

بێگومان بنیادەم پاش مردن، لە نێو باو باران و خاك و هەموو شت و تۆخمەکانی جیهانی مەتریاڵدا پەخش و بڵاودەبێتەوە. کەواتە چ شتێ لەمە مەتریاڵی تر دەبێ ؟ مەعنای وایە مەرگ، تایبەتمەندێتی مەتریاڵیستی خۆی لە هەر شتێکی دی پتر پاراستووە.

بەڵام گەر مرۆڤ بیەوێ بەر لە مەرگ- واتە لە کاتێکدا کە تەواو زیندووە و پێویستی بە هەموو فاکتەرەکانی ژیان و مان هەیە- ئاوێتەی شت گەلێ ببێ کە لە ڕوانگەی مرۆڤی ئاسایی و

تەنانەت زانا و ماتماتیك زانەوە (نەك لە روانگەی شاعیرەوە) بێ گیانن، حاڵەتێکی سۆفیانه وەردەگرێ. هەر ئەم کەڵکەڵە و تاسەی ئاوێتە بوونە لەگەڵ شتەکاندا، بێ قبوڵ کردنی بچوکترین گۆڕانکاری فیزیکی و مەتریاڵی، مرۆڤ دەکا بە بوونەوەرێکی ئەوتۆ کە پێویستە نێوی (سۆفی مەتریاڵی لێ بنرێ. واتە وەکو چۆن (راینەر ماریا ریلکە) دەربارەی شاعیر دەڵێ: (شاعیر، ئەو کەسەیە کە دەیەوێ ببێ بە بەردو ببێ بە ئەستێرە.)
له هەموو ئەم حاڵەتانەدا، شاعیر لە پردێ دەچێ کە لە سەرێکەوە کەرستەی خاوی سروشتی پێدا دەڕواو لە سەرەکەی دییەوە بوونەوەری شیعری. یا شاعیر وەکو کارخانەیەکە کە لە کارگەی هزری خۆیدا قاڵب و فۆرمی ئینسانی بە شتەکان دەبەخشێ و لە چوارچێوەیەکی ئینسانییان دەگرێ. واتە بە جۆرێ کە شتەکانیش هەم حاڵەتی مەوزوعی خۆیان هەبێ و هەم حاڵەتی زهنی و خەیاڵی قوڵی ئینسان بگرنە خۆ. واتە هەم خۆیان بن و هەم شتێکی دی کە ئینسانە. لە راستیدا ئەم دوالیزمی خۆبوون و غەیرەز خۆبوونە. خۆ لەشتان راوشتان لە خۆدا بینینە، پایەو بناغەی هەرە رەسەنی شیعرن و شیعر تایبەتمەندییەکانی خۆی کە بریتیە لە دنیایەك وێنە، لێکچون، خوازە، رەمزو ئەفسانە، لە هەمان پایەو بناغەوە وەردەگرێ. بۆیە بنەما سەرەکیەکانی شیعر، کێش و سەروا نییە، بەڵکو کۆمەڵێ شتی لەمانە بالاترن و پێویستە نێویان بنەین جەوهەرو کرۆکی زیندووی شیعر. ئەم جەوهەرو کرۆکانەش لە حاڵەتە هەرە سادەکەدا بریتین لە: لێکچون و لە حاڵەتێکی هەندێ ئاڵۆزو بالاتردا بریتین لە: خوازە. لە حاڵەتێکی بالاترو قوڵتردا بریتین لە: رەمزو پاشان لە حاڵەتی هەرە بەرزو لوتکەییدا بریتین لە: ئەفسانە.
لەگەڵ دەستپێکردنی هەر سەردەمێکی نوێدا، شتی تازە دێنە ناو زمان و شیعرەوە. شاعیرو خاوەن زمان، حاڵەت و هەست و بیرەکانی خۆ روەو شتە تازەکان دەبەن. بەڵام ئەو شتانەی پێشتر لە قەڵەمڕەوی زمان و شیعردا هەبوونە وەدەر نانرێن. بە تایبەتی ئەو شتانەی کە هاوپەیوەستی بونیادی تەبیعەت و سروشتن. شاعیر ئەمڕۆ هەڵوێست و جیهانبینی خۆی دەربارەی ئەو شتانەی کە پێشتر لە شیعری شاعیران بینراون، دیاری دەکات. هەر بۆیەش دەشێت بە ئاسانی ئەوە بسەلمێنرێ کە چۆن درەختێك، پێشتر سەدان شیعری دەربارەی گوتراوە دووبارە ببینرێتەوەو لە هەمان روانگەوە جیهانبینی شوێن و کاتی تایبەتی پێ بدرێ. هەروەها سەلماندنی ئەوەش ئاسانە کە چۆن لەم سەدەیەی کە ئێمە تێیدا دەژین دەشێت درەختێك بکرێت بە رەمزیا ئەفسانەیەکی جیا لە رەمزو ئەفسانەکانی پێشوو. هەروەها دەشێت ئەوەش نیشان بدرێ کە ئەو شارەی هەنووکە ئێمەی تێدا دەژین چۆن شتێکە و چۆن خەڵکانی ئەفسانەیی لە گۆشەو کەناریا دێن و دەچن و چۆن رەمزەکان، من و تۆ دەدۆزنەوەو چۆن ئێمە رەمزەکان دەدۆزینەوەو چۆن جیهانبینی (مەلحەمی و یاخیگەری) ئەفسانەی زیندوو لە هەموو شتێ، تەنانەت لە رۆشنبیری و مێژوو، و نەژادی من و تۆش دروست دەکاو دەیگەیەنێتە ئاستی مەزناتی و شکۆداری ئەفسانەی وەك: (ئاهورا)، (میترا)و (ناهیتا)، هەروەها نیشاندانی ئەوەش ئاسانە کە بۆ ناکرێ باوەڕ بە دووبارە کردنەوەی ئەفسانەی کۆن بکرێ و دەبێ باوەڕی تەواو بەوە هەبێ کە هەر نەوەیەك پێویستە ئەفسانەی خۆی دروست بکاو پەروەردەی بکاو دای بنێ و بڕوا. چونکە هەر نەوەیەك

بە هەمان جیهانبینی سەرەتایی و رەسەنی خۆی دەروانێتە ئەبەدیەتی هەموو جیهانبینییە رەسەنەکان و بەشی خۆی سوودیان لێ وەردەگرێ.

-2-

شاعیر کەسێکە کە هەستی مەعنەوی خۆی ئاوێتەی شتەکان دەکاو ئەوجا لە ژینگەو دەوروبەری ژیاندا دەست بە کەشف کردنی خۆی دەکا.

لێرەدا بێ پەردەیی و یەکپارچەیی رۆح لە بواری بزوتنەوەی (مادە)دا دەکەوێتە روو. (مادە) لە ئاوێنەی رۆحی بەشەردا رەنگ دەداتەوە.

شتەکان، رۆحێکی هاو وێنەی رۆحی بنیادەم پەیدا دەکەن و لە ئەنجامدا وەکو بنیادەم زمان دەکەنەوەو دەبن بە خاوەنی ئەندێشەو هەست و ئەم ئەندێشەو هەستانە دەرێژنە قاڵبی وشەوە کە لە نێو هەموو بوونەوەراندا تەنیا موڵکی مرۆڤە، بە تایبەتی شاعیر. شاعیر بەهۆی خەیاڵ و کەڵکەڵەی دەرونی گەڕان و کەشف کردن، لە پڕ دەبینێ شتەکان شێوەی ئەویان وەرگرتووە. شاعیر خۆی لە شتەکاندا و شتەکان لە خۆیدا دەبینێ و پەیوەندییەکانی خۆی لە رێگەی وشەوە دابین و ئاراستە دەکا.

لەسەردەمی منداڵێتی بەشەردا، واتە لەو سەردەمانەدا کە هێشتا ئەقڵ و لۆژیك و دیدی زانستی، دەسەڵاتی وشکی خۆی بەسەر مرۆڤدا نەسەپاندبوو، جۆگەلە زمانێکیان هەبوو وەکو زمانی مرۆڤ، گیانلەبەران، ئەندێشەو خەیالاتی وەکو هی مرۆڤیان هەبوو. سروشت هەمیشە پێوەندی لەگەڵ مرۆڤدا هەبوو. مرۆڤ سادەو بێ رتووش لە زەمینی سادەو بێ رتووشدا دەژیا، لێدانی دڵی خۆی لە ئاوازی باڵندەکاندا دەدۆزیەوە. گەر سەرنجی ئەم قسەیەی (سان جۆن پیرس) بدەین کە لە (ئانابان)دا دەڵێ: ((هەتاو ناوێك نییە، بەڵام قودرەت و توانای لە نێوان ئێمەدایە.)) ئەوا ئەوەمان بۆ بە دیار دەکەوێ کە شتەکان لای مرۆڤی سەرەتایی هێشتا بێ ناو بوونە، بەڵام لە هەموو روویەکەوە هەست بە قودرەتیان کراوە.

مێشکی مرۆڤی منداڵ (سەرەتایی)، وەکو مێشکی منداڵ پڕبوو لە سێبەری خەیاڵ بزوێن. جوانی و ناشیرینی، زاڵم و دادپەروەر، پاك و ناپاك. مرۆڤی سەرەتایی بێ ئەوەی بەخۆ بزانێ رەنگی هەموو هونەرەکانی دەڕشت و بناغەی دادەنان. بەردی بناغەی ئاینزاکانی هەم لە رۆحی خۆیداو هەم لە پەرستگا بەردینەکاندا دادەنا. لە هەموو ئەمانەش زێدەتر، مرۆڤی سەرەتایی شاعیری جیهانیش بووە، زانیویەتی کە ئەگەر قودرەتێك لە ئارادایە، دەبێ نێوی خاوەنی ئەو قودرەتە کەشف بکا. کەواتە قودرەت و کاریگەری و هێزی شتەکە، دەرگایەك بووە بۆ ناولینانی ئەو شتە. هەر بەو شێوەیە هەتاو بوو بە خاوەنی نێوی خۆی و شتەکانی دیش نێوی تایبەتی خۆیان وەرگرت. مرۆڤی سەرەتایی بێ ئەوەی پەنای بردبێتە بەر فەرهەنگ و وشەنامەو دەستووری زمان، نێوی شتەکانی لە رێگەی قودرەت و سستی یا کاریگەری شتەکانەوە کەشف کردووە، واتە ناوەکانی لە خودی شتەکانەوە هەڵێنجاوە، لە راستیدا ئەم هەڵێنجانەش لە ژێر کاریگەری و حاڵەتە جیاوازەکانی بوونی ئەو شتانەدا رووی داوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرە رۆح بەخشینێکە بەشتەکان رۆح بەخشینێکی وەکو رۆحی دەنگ، رۆحی روناکی، رۆحی بزاڤ، رۆحی

دەربڕین و ڕۆحی بینین.
کە لە ئەنجامدا دەگاتە پرۆسەی هاوجوت کردن و پێکەوە سازاندنی چۆنیەتی بوونی شتەکان لەگەڵ چۆنیتییەکانی ژیانی بنیادەمدا.
بەمجۆرە مرۆڤی سەرەتایی نێوی شتەکان دەخاتە سەرزارو هەر ئەم ناوانە کە بناغەی زمانە جیاوازەکانی لەسەر ڕۆنراوە، یەکەمین شیعری جیهانن. بنیادەمی ئەفسانە ساز لە بنەڕەتدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ شاعیری ئەمڕۆدا نییە. هەردووکیان لە نێو شتەکاندا دەژین و هەردووکیان لەگەڵ شتەکاندا مامەڵە دەکەن. ئەم حاڵەتەش لە سەرانسەری قۆناغە شیعرییەکاندا بەرچاو دەکەوێ. وەختێ (پۆڵ کلۆدڵ) دەڵێ: ئەی شتەکان، من خۆم بە ئێوە دەسپێرم، خۆم دەخەمە بەختی ئێوە) یا کاتێ حافیزی شیرازی دەڵێ:

***پیاڵەی شەرابی ئاڵی خەیاڵی دەنۆشین***
***لە چاوی بەد بە دوور کە***
***بێ بادەو مەی مەدهۆشین***

یا وەختێ (ئەزرا پاوەند) بەمجۆرە دەست بە شیعرێکی دەکا:

***من، ئا ئەم منە***
***کەسێکە جادەکانی ئاسمان دەناسێ***
***و ئەندامی ئەو بای ئاسمانە***

دیارە هەر بەو دێڕەش کۆتایی بە شیعرەکەی دێنێ. وەختێ ئەو شاعیرانە وا دەڵێن جگە لە عەکس کردنەوەی شتەکان لە ئاوێنەی هزری خۆدا چ کارێکی دی ناکەن، شیعریش جگە لەمە چ شتێکی دی نییە.
هەر بۆیەش (خیمەنز)ی شاعیری ئیسپانیایی لە شوێنێکدا دەڵێ:

***ئەی هۆش، نێوی ئاشکرای شتەکانم پێ بڵێ***
***وازبێنە با وشەم ببێ بە خوودی ئەو شتەی***
***کە ڕۆحم خوڵقاندویەتی***
***ڕێم بدە با بەهۆی منەوە***
***ئەوانەی شتەکان ناناسن،***
***لێیان نزیك ببنەوە.***
***با بەهۆی منەوە***
***فەرامۆشکاران..***
***لە شتەکان نزیك ببنەوە.***
***با بەهۆی منەوە***
***ئاشقانی شتەکان***
***پتر لێیان نزیك ببنەوە.***
***ئەی هۆش! ناوی ئاشکرای شتەکانم بدەیێ***

*نێوی خۆت، نێوی ئەوان،*
*نێوی منیش بەشتەکان بدە!*

گەرچی فەلسەفەو لۆژیك، مرۆڤی ئەفسانەسازی لە مەیدانی ئاسایی ژیانی کۆمەڵایەتی وەدەرناو جادوگەران و سیحربازان قفڵی بێدەنگان لە زارداو نەوەی پێغەمبەران کۆتایی هات، یاگەرچی ئەفسانە کۆن و سەرەتاییەکان شێوەی چیرۆکی تێزجیای گرتە خۆ، بەڵام شاعیر وەکو ئەوەی کە خۆی لە خۆیدا ئەرکی پەیامبەرێکی ئەبەدی و سەرەتایی دەبینێ بەپێی کات و شوێن حاڵەتی جیاوازی کۆمەڵایەتی، هەرساتەو بە شێوەیەك هاتە پێشێ، جلوبەرگی گۆڕی، لە نێوان ئەبەدیەت و بیدایەتی سۆزو غەریزەکاندا ژیاو لە راستیا هەر وەکو ئەفسانەساز مایەوە، چونکە بڕشتی خەیاڵ و خەیاڵ کردنەوە هەمیشە لەگەڵ شاعیردا بووەو شتەکان هەمیشە لە دەوری ئەو بوونە. بەڵام شاعیر رۆژێك لە لێڕەوارو ئەشکەوتدا ژیاوە، رۆژێکی دی چاوی بڕیوەتە دەریا، لە سەردەمێکی دیدا روخساری مەعشوقەکەی خۆی بە وشەی سادە لەسەر پێستی ئاسك وێنە گرتووەو لە سەردەمێکی تری نزیکتر لە ئێمەوە هاواری بۆ ئێمە هێناوە کە:

*بمبەنە ئەو دەشت و سارایە*
*تا گوم بێ ئەقڵ و ئەوەی تێیدایە.*

تا ئەنجام ئا لەم سەردەم و چەرخەدا بووە بە (فروغ فرخزاد) کە دەڵێ:

*بە درێژایی سەر لە بەری تاریکی*
*هەر هاواری سیسرکان بووە!*
*مانگ، ئەی مانگی گەورە.*

لە شیعر گوتندا جۆرە گەڕانەوەیەك بۆ سەردەمی منداڵێتی شاعیر هەیە. هەروەها گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵێتی مرۆڤ. شیعر، سەمایەکی ناخ و روژێن و پاك و پڕ وێنەیە لە میان باخ و باخاتی تەنیایی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا. شیعر جۆرە سەمایەکە لە نێو شتەکانداو تەوەرەکەی وشەیە. (لۆچی) شاعیرو سەرداری چینی کە نزیکەی 1660 ساڵ لەمەو پێش هاتۆتە کوشتن، قسەیەکی دەربارەی شاعیران هەیە کە گێڕانەوەی لێرەدا نابەجێ نییە.

*ئێمەی شاعیر لەگەڵ عەدەم دا دەجەنگین*
*تا بوونی پێ ببەخشین.*
*بە مشت لە دەرکەی بێدەنگی دەدەین*
*تا مۆسیقای وەڵامی بژنەوین*
*ئێمە، ئاسمانی بێ سنوور*
*دەخەینە بستێ کاغەزەوە*
*لە دڵی بچکۆڵانەمانەوە*
*سێڵاوێ هەڵدەرێژین*

(لۆچی) لە هەمان شیعردا دەڵێ: (شاعیر کەسێکە، کە ئاسمان و زەوی لە قەفەزی قاڵب دەنێ).

**بەڵام بۆچی لە نێو هەموو مرۆڤدا، لە هەموو سەردەم و قۆناغەکاندا، ئەم پەیامە مەزنە وەئەستۆی شاعیر خراوە؟ بۆچی دەبێ ئەو لە نێو هەموو تیرەی بەشەردا هەڵببژێردرێ تا زەوی و ئاسمان بخاتە قەفەزی قاڵبەوە؟ باشە شاعیر، چۆن بوونەوەرێکە کە هەم تایبەتمەندی جادوکەرانی هەیەو هەم تایبەتمەندی پەیامبەران و تەنانەت خواش؟ بە راستی شاعیر کێیە وا دەست دەخاتە ئەفراندنی کائیناتەوەو لە حەقیقەتدا هێندێ شت دەخوڵقێنێ و دێنێتە ئاراوە کە پێشتر لە مەیدانی پراتیکدا بوونیان هەبووە. دەبێ رازو نهێنی ئەفراندن و سەر لە نوێ خوڵقاندنەوە لەچ دابێ[٧]؟**

**سیڤن سپەندەری شاعیری ئینگلیز لە باسی ئەفراندنی شیعردا دەڵێ: (مرۆڤ لە هەموو شتێکدا لەگەڵ مرۆڤدا مامەڵە دەکا، تەنیا لە شیعرا نەبێ کە مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ خواو خوایەتیدا دەکا.)**

**سروشتی بابەتی و بەرچاو و ئەبەدی بۆسەی بۆ مرۆڤی تاك ناوەتەوە مرۆڤی تاك و تەنیا لەبەردەم ئەم نەمریە واقیعی و پڕ بزاڤەدا دەتوانێ خۆی وەکو گەردیلەیەکی ناچیزو حیساب بۆ نەکراو ببینێ. مرۆڤ لە بەردەم کەون و کائیناتدا لە گەردیلەیەك بەولاوە چیتر نییە، بەڵام گەردیلەیەکە جیا لە گەردیلەکانی دی. چونکە مرۆڤ حاڵی دەبێ و تێدەگا هەر ئەم تێگەیشتنە مەسەلەی بە گەردیلە بوونەکە دێنێتە کایەوەو دوا بەدوای ئەمەش یا تەسلیم بوونی بێ قەیدو شەرت دێتە پێشێ کە بریتییە لە دەستەو ئەژنۆ رۆیشتن و چاوەڕوانی مەرگ، واتە قەڵایەك دروست دەبێ لە تەسلیم بوون و یاخی بوون کە زادەی باوەڕداری یا بێ باوەڕییە، واتە سەرگەردانی و پەشێوی لە دنیای شپرزەیی دڵەڕاوکێ، حاڵەتی سێیەم یاخی بوونێکە روون و ئاشکرا بە هەموو توانا ئینسانییەکانەوە، بەرامبەر بە قەدەری تەبیعەت. یاخی بوونی (قابیلی) (یانە) (پرومتە) یانە یا کامۆیانە، واتە قاییل نەبوون بە چارەنووس و تەبیعەت بەو شێوەیەی کە هەن، و قبووڵ کردنی ئەم گوتەیەی کامۆ کە: (مرۆڤ ئەو کەسەیە کە دەیەوێ لە چارەنووسی خۆی یاخی بێ و بەگژیا بچێتەوە.) شاعیر لە ریزی سێیەمی ئەم خانەبەندەییە تاڕادەیەك وشکەدا گیرساوەتەوە. ئەگەر تەبیعەت پەسەند نەکا یا لە راستیدا کۆتاییەکی شووم بۆ ژیانی خۆی لە چوارچێوەی تەبیعەتدا ببینێ، ئەوا ئاگایانە یا نائاگایانە دژی دەوەستێ و ئەگەر لە ژینگە یا کۆمەڵگایەکدا خۆی بچووك، یا کۆت کراو ببینێ و بایەخە هەمیشەییەکانی مرۆڤایەتی لە حاڵی کەوتن و نەماندا ببینێ ئەوا دژیان رادەپەڕێ و خۆ ئەگەر لە مرۆڤدا شەڕ خوازیەك ببینێ کە لە سەرچاوەیەکی نامرۆڤانەوە هەڵقوڵابێ ئەوا بەگژیا دەچێتەوە. هەڵبەتە بنەماو بناغەی ئەفراندن و خوڵقاندن لەسەر هەمان کێشمەکێش و بەگژاچوون رۆنراوە، هەمان کەڵکەڵەیە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەیەکی نوێ: لە بواری تەبیعەتدا دروستکردنی تەبیعەتێکی چاکتر، لە بواری کۆمەڵایەتیدا، دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی چاکتر، لە باری ئینسانیەوە دروستکردنی ئینسانێکی باڵاتر تاقە کەرەستەو چەکی دەستی شاعیر بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە وشەیە، واتە وشە هەم هۆکاری شیعرە هەم ئەنجامی شیعر (وشە مامانی لە دایکبوونی شیعرەو لە هەمان کاتیشدا شیعر جگە لە پێکهاتی نوێی وشە چ شتێکی دی نییە. بەڵام ئەو راستییەش لە**

گۆڕێدایە کە شیعر سنووری زمان دەبەزێنێ، بەڵگەشمان ئەوەیە کە شیعر دەخرێتە سەر باڵی زمانێك کە لە دەستوری زماندا ئیعتراف پێ ناکرێ. زمانێك کە هەست و هەستکردن و وێنەو ئەندێشە بە تەواوەتی تێیدا گوشراون..).
شیعر، نەمری بەخشینە بە هەستی ئینسان لە ساتەوەختێکی خێرادا لە قاڵبی وشەدا. شاعیر، بەهۆی وشەوە هێندێ پارچەی زمانی تیژ تێپەڕی ناو سروشت دەخاتە ژێر رکێف و کۆنترۆڵی خۆیەوە. شیعر لە راستیدا تەبیعەتی دووەمە بەرانبەر بە تەبیعەتی یەکەم. تەبیعەتی دووەم کاردانەوەی شاعیرە بەرانبەر بە ئەبەدیەتی هەڕەشەکردووی تەبیعەتی یەکەم. شاعیر هەوڵدەدا تەبیعەتێك بخوڵقێنێ و دابهێنێ کە وەکو تەبیعەتی واقیعی هەوێنی ئەبەدیەتی تێدابێ و بەو ئەبەدیەتە نەمری خۆی بچەسپێنێ، واتە ئەبەدییەتی ئینسانی بەرامبەر بە تەبیعەتی ئەبەدی بێتە ئاراوە. لەبەر ئەمەیە کە لە شیعردا (مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ خواو خوایەتیدا دەکا)و دەیەوێ ببێ بە جێگری ئەوو لەم مەیدانە قورسەشدا تاقە چەکی دەستی وشەیە.
وشە کەرەستەو ئامێری هەرە گرینگی دەستی شاعیرە، چونکە شاعیر بە زەبری وشە دنیای خۆی دەخوڵقێنێ و وشە تاقە هۆکاری ئەفراندنە لای. پێ دەچێ لە ئەفراندنی تەبیعەتیش دا لە لایەن خواوە، وشە هەمان بایەخی هەبووبێ کە بۆ شاعیری ئەمڕۆ هەیەتی. لە کتێبی یەکەمی تەوراتدا نووسراوە:
(خوا گوتی روناکی پەیدا ببێ، و روناکی پەیدا بوو.....)
سەیر دەکەین لە ئەفراندنی جیهانیدا، هەڵبەتە لە شێوە مەزەبی یەکەیدا خوا تەنیا (گوتویەتی) کە (روناکی پەیدا ببێ)و روناکی هاتۆتە ئاراوەو پەیدا بووە (گوتن) بریتییە لە سوود وەرگرتن لە زمان و دەربڕینی شاعیرانە (گوتن) خۆی لە خۆیدا سوود وەرگرتنە لە وشە. گوتن، بە تایبەتی کە مەبەستی دروستکردنی شتێك بێ، خۆی لەخۆیدا شیعرە، هەڵاتنی رۆژە لە هەناوی تاریکییەوەو لە ئەنجامدا (روناکی پەیدا بوونە) بەر لە شیعر گوتن، هەموو شتێك بەشێوەی پەراگەندە لە هزری شاعیردا بوونیان هەیە. سپەندەر دەڵێ: کاری داهێنان بریتییە لە تەمەرکوز. شاعیر خۆی لە پەراگەندەیی ژیان هەڵدەقورتێنێ، بە دوویەکدا هاتنی زەمەن و شوێنە جیاوازەکان و هێندێ لە ئەزموونەکانی سەر بەم شوێن و زەمەنانە لەیەك جێدا دەگیرسێنێتەوە. بناغەی کاری شاعیر، تەمەرکوز بەخشینە بە ئەزموونە پەراگەندەکانی ژیان لە چوارچێوەیەکدا کە نێوی شیعرە. بۆیە شیعر گوتن، بزاڤە لە تاریکی و ناڕێك و پێکی و پەراگەندەییەوە بەرەو روناکی و رێك و پێکی و ناسکی و جوانی هونەری. هەردوو– سێ دێڕ پاش ئەو ئایەتەی سەری[1]، ئەمەمان بەرچاو دەکەوێ، (خوا، روناکی ناونا رۆژو تاریکی ناونا شەو.) ئەم نێونانی روناکی و تاریکییەش بە مەبەستی دروستکردنی شتێك بووە، بۆیە ئەم نێونانەش شیعرە، یا شیعر گوتنە.
مرۆڤی سەرەتایی کە بۆ خۆی یەکەمین شاعیریش بووە، خوایی ترین خەسڵەتی خۆی – کە توانای نێونان و شیعر گوتنە – هێندە لاپیرۆز بووە داوێتییە پاڵ خوا. هەرچەندە ئەو خۆی نێوی رۆژو نێوی شەوی ناوە، بەڵام ئەم حاڵەتە پیرۆزەی لە دەستی خۆی داوەو بە خوایەکی نەبینراوی سپاردووە. بۆیە شاعیری ئەمڕۆکە عەوداڵی دۆزینەوەو بە دەست هێنانی ئەو خەسڵەت و

تایبەتمەندییەی مرۆڤی سەرەتایەو بە زەبری ئەفراندنی سروشت و تەبیعەتی دووەم، داوای حەقی خۆی لە سروشت و تەبیعەتی پڕتواناو دەسەڵاتدار دەکاتەوە.
وشە لە تێکڕای چەرخە ئەدەبیەکاندا، حاڵەتی ئەفراندنی خۆی پاراستووە. وشە ئاگرێکە کە لە بارەگای خواوەندانی هەوەڵینەوە، واتە لە مرۆڤی سەرەتاوە رفێنراوەو بە مرۆڤی ئەمڕۆ سپێردراوە.
وشە، کلیلی کەشف کردنی تاریکییە. ئەلف و بێی رەمزو هێمای هەموو نهێنی یەکانە. وشە گەورەترین کەشفی مرۆڤە لەسەر رووی زەوی رەنگە کەشفێك بێ کەتا مرۆڤ هەبێ، هەر بە نەمری و پاکی و تازەیی بمێنێتەوە.
وشە، هەرگیز کۆن نابێ، چونکە مرۆڤ هەرگیز کۆن نابێ. تا تەمەنی بەشەر لەسەر رووی زەوی پتر بێ، ئەوەندە گەنجتر دەبێتەوە. وشەش هەموو تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی تێدایەو وەکو ئەو هەمیشە بەرەو گەنجی و گەورەیی و شکۆداری دەچێ. ئەگەر چەند شاعیرێکی بێ ئاگاو رەخنەگری نەزان لە ساتێکی مێژوودا وشەیان بەرەو ناپاکی کێشابێ، ئەوا هیچ جێگەی مەترسی نییە (هەڵبەتە لە پاڵ ئەم شاعیرە بێ ئاگاو رەخنەگرە نەزانانەشدا، دەبێ ئاماژە بۆ هێندێ رۆژنامەنووسی بێ هەڵوێست و بێ سەروبەر بکرێ کە بەزەبری ماستاو ساردکردنەوەی خۆیان وشەیان لەبەردەم زوڵم و بریسکەی دراودا لە وتاندووە.) زمان، درەختێکە هەمیشە گەڵا زەردەکان لە خۆی دەوەرێنێ و تەنیا گەڵا سەوزو وشەکان رادەگرێ. بۆیە ئەو بابەتە شاعیرو رەخنەگرانە رۆژێ لەرۆژان وەکو گەڵا زەردەکان دەوەرێن و دەکەونە ژێر پێوە، تەنیا گەڵا سەوزو نەمرو راستەقینەکان دەمێننەوە. ئەمە تەنیا خۆزگە نییە، بەڵکو راستییەکە کە دەیان قەسیدەو دیوانی شیعر پشتیوانی لێدەکاو دەیسەلمێنێ. بۆیە وشە، هەمیشە هەیە، هەمیشە پاك و جوانە:
***موبارەك بێ تەلعەتی حوسنت کە لە ئەزەلەوە***
***کاڵای نازیان بە باڵای چون سەرو تابڕیوە.***



ئنجیلی یوحەنا بەمجۆرە دەست پێدەکا: (لەسەرەتادا، وشە بووە، وشە لە لای خوا بووە، وشە خوا بووە.) بایەخی وشە لە گشت سەردەم و قۆناغەکاندا هێند گەورە بووە کە بووە بە هاومەعنای خواو بەرجەستەبوونێکی شاعیرانەی، بە شکۆداری خوا بەخشیوە. لێرەدا وەسیلە بووە بەهەدەف و هەدەف بەجۆری لە وەسیلەدا تواوەتەوە کە ناو و شێوەو رۆحی ئەوی گرتۆتە خۆ. لە راستیدا خالق لە مەخلوقداو هەدەف لە وەسیلەدا بەجۆرێ دەتوێنەوە کە هەموو جیاوازی هێڵ و مەوداکان لە بەین دەچن. ئەو هێڵەی کە لە نێوان سەرەتاو کۆتاییدا هەبووە لەبەین دەچێ و سەرەتاو کۆتایی لە شێوەی خاڵێکی نورانی نەمردا وەکو ئەستێرەیەك دەنوێنن. ئاشق دەبێ بە مەعشوق، عابید دەبێ بە مەعبود و ئەگەر مەنسور گەیی بووە ئەو حاڵەتە عیرفانیەی کە نەعرەتەی (انا الحق) لێ بدا، ئەوا شاعیر دەگاتە پلەیەك لە ناسینی تەبیعەت کە سەرەتا هاوار دەکا: (انا الشیء)و پاشان هەنگاوی هێوەتر دەنێ، مەوداکان دەسڕێتەوە، دەبێ بە خاڵێکی رۆشنی نەمر لە بابەتی ئەستێرەیەك و لە نەعرەتەدەدا: (انا الشعر).

شاعیری راستەقینە، کاری بەم قسەیە نییە کە دەڵێ: (شیعر هەستی دڵە). دڵ، زۆر بچوکە، تەنیا بەشێکە لە مرۆڤێك و هەرگیز هەموو مرۆڤەکە نییە. ئەم بیرە کۆن بووە کە هەموو شتێك بە دڵەوە ببەستێن و هەموو شتێك بە رەنگدانەوەی هەڵچونەکانی دڵ بزانین. شیعر غەریزەو هەستە، هەروەها ئەندێشەشە. هەم خوێنەو خەم خەیاڵ. هەستی دڵ شتێکی سەتحییە، هی بابایەکی رۆمانسی هەست پەروەری گرینۆکی تەمەڵە کە هەرگیز نایەوێ خۆی لەم جیهانە پان و بەرینەدا کەشف بکا، زاتی خۆ کەشف کردنی نییە.
شاعیری راستەقینە، خوێنی بیرکردنەوە بە دەمارەکانیا دەڕوا، بە زەبری ئەم خوێنە گەردیلەکان دەدۆزێتەوەو دەیانشکێنێ و بە شێوەیەکی دی یەکیان دەخاتەوە. لەبەر ئەوە، شیعر بەلای شاعیرەوە لە شتەکانی تەبیعەت باڵاترو بە نرخترە.
شیعر، لە تەبیعەت باڵاترە، باڵاترییەکەی لەمەدایە کە ئەگەر تەبیعەت شتێکی واقیعی و قابیلی گرتن بێ، ئەوا شیعر شتێکە هەم قابیلی گرتنەو هەم قابیلی نەگرتن. هەم واقیعییەو هەم ناواقیعی، هەم موجەڕەدەو هەم ناموجەڕەد.
ئەفسانەیەکی ئەسکەندەنافی هەیە باسی ئەوە دەکا کە گوایە (ئۆدین)ی شای خوداوەندان، وەختێ کە دەشت و دەر، رێگاو کوێرە رێگا، هەورازو نشێو چیاو هەڵدێرانی بڕی و ئەنجام گەییە بەردەم ئەشکەوتی ئەقڵ و مەعریفەت، ویستی وەژوورکەوێ و تێر لە ئاوی کانیەکەی نێو ئەشکەوتەکە بخواتەوە، پاسەوانەکە هەر لە رێوە ئاگاداری کردەوە کە ئەگەر ئەم کارە بکا دەبێ چاوێکی خۆی لە دەست بدا.
(ئۆدین) چاوێکی خۆی دەرێناو دایە دەست پاسەوانی ئەشکەوتەکە وەژوور کەوت، تاتوانی لە ئاوی کانییەکەی خواردەوە. وەختێ لە قوڵایی ئەشکەوتەکەوە بەرەو روناکی رۆژ هات، خۆی بە خوداوەندی ئاقڵانی جیهان زانی و پاشان بەرەو کورسی خوداوەندانی دی وەڕێ کەوت.
لێکدەرەوانی ئەفسانە کۆنەکان دەڵێن کە کانیەکەی نێو ئەشکەوتەکە دەکاتە ویژدانی ناخودئاگای مرۆڤ و چاوە کوێرەکەش دەرگایەکە بەرەو دنیای ناخ. چاوی بینای مرۆڤ دەرگایەکە بۆ شتەکان و چاوی نابینا رێگەیەکە بۆ نێو نێو ناخ و زەین. مرۆڤی مەعنەوی لە پشت پێڵوی چاوی کوێرەوە جیهانی ناوەوەی خۆی دەبینێ و بەچاوە بیناکەی جیهانی تەبیعەتی دەرەوە دەبینێ و هەوڵدەدا پردێك لە نێوان چاوە کوێرەکەو چاوە بیناکەدا دروست بکا. شیعریش لە راستیدا پردێکی وشەیە لە نێوان چاوی نابیناو چاوی بینادا.
لە پشت پێڵوی چاوی کوێرەوە، دنیای ناخود ئاگای بنیادەمێك هەیەو لەوێدا هەوری غەریزەکان، لە شەوێکی تاریك و نوتەکدا، لە ئاسمانی جیهانە نادیارەکاندا کار لەیەکدی دەکەن. لە پشت پێڵوی چاوی نابیناوە، دەریایەك هەیە وەکو بێ سنووری شەو، و شەپۆلەکان هەمیشە لە حاڵی جۆش و خرۆش و حەرەکەتدان و بەشێوەیەکی قوڵ و ئاڵۆزکار دەکەنە سەر کەنارەکانی دنیای دەرەوە. مەنتیقی رواڵەتی لە دنیای ناخود ئاگادا جێی نابێتەوە. مەنتیق لە ئاستی ئەم بێ سنوورییەی ناخدا شتێکی یەکجار بچوك و ناچیزەیە. بۆیە شاعیر دەبێ جیهانبینییەکی غەریزی و هەست پەروەری هەبێ، لە پاڵ جیهانبینییەکی ئەندێشەیی کۆن و سەرەتایی و ئەبەدیدا. بۆیە

دەڵـێین نەمـەنتیق و نەهەسـتی سـادەی دڵ، بـەڵکو ئاوێتەیـەك لـە غـەریزەو هەسـت و ئەندێشـە. چونکە مەنتیق وەکو فەوارەیەکی بچوکە لەبەردەم تۆفانێکی شێتدا کە هەموو شتێك لەگەڵ خۆیدا رەدەماڵێ.
مەنتیق تایبەتە بە ژیانی گشتی خەڵکەوە، بە ژیانی خەڵکەوە لـە ژینگەیـەکی گشـتی ناشـیعری و ناغەریزی و نائەندێشەییدا، لە قۆناغێکی تەسکی زەمـەن و لـە قەڵـەمڕەوێکی تـەنگی شـوێندا. بـە مـەنتیق نـان دەکـڕین. بـە مـەنتیق پـارە کۆدەکەینـەوە. بـە مـەنتیق وەڵامـی گـەدایانی برسـی دەدەینـەوەو بەڕێی خـودا دەڕۆیـن. بە مەنتیق پارەکانمان دەکەین بە مارك و فرانك و دۆلار. بـە مەنتیق هەموو جۆرە لادانێك بەلای چەپی شەقامەکاندا قەدەغە دەکەین.
بەڵام غەریزەیەك کە هەوێنی ئەندێشەی کۆن و سەرەتایی و ئەبەدیەتی تێدابێ، ناچارمان دەکات بەرەو زەمین_ دایك بگەڕێینەوە، بەرەو خاك و بەرەو هیـوەترو پـتر شـۆڕبوونەوە بگەڕێینـەوە، هـەر لەبەر ئەمەیە شاعیر لە جۆری فیکری تاك خواوەندییەوە، کە لە رادە بەدەر زهنییە، لە فیکری منی ناڕاسـتەوخۆوە دەگەڕێتـەوە بـەرەو فیکـری چـەند خواوەنـدی سـەردەمی منـداڵێتی بـە شـەڕو سەرەتایی غەریزەکان. چونکە تاقە یەك شت لە جیهاندا نییە، بەڵکو شتی جۆراوجۆر بۆ شاعیر هەیە.
هـەر ئـەم هـەنگاوە ناڕاسـتەوخۆیە بـەرەو فیکـری چـەند خواوەنـدی، شـاعیر بەشـێوەیەکی نـاخود ئاگایانە داهێنەر (خالق) رەفز دەکاو لەبری ئەوە باوەش بە زەویدا دەکاو تێکەڵ بـە خـاك و بـەردو گیا دەبێ، لە راستیدا بەشێوەیەکی ناخود ئاگایانە (لاشعوری) (باوك_ خواوەند) رەفز دەکـاو مـل دەداتە ئەشقی (دایك_ زەمین)، ئەو دایکەی کە دەرێ و خواوەندان دروست دەکا. شاعیر هەمیشـە لە ڕێگـەی ئەفسانەسـازییەوە بـەرەو خواوەنـدان و زەمـینی خواوەنـدان و دروسـتکەری خواوەنـدان دەگەڕێتەوەو رازو نهێنی شیعری (حەماسی و یـاخی) لەمەدایـە. واتـە رەفـز کردنـی هـەموو جـۆرە (خوایەتییەك)و گەڕانەوە بـەرەو شـت و مرۆڤـەکان کـە خۆیـان خواوەنـدن و دەتـوانن رەنگدانـەوەی خواوەندان بن.



زۆرم باسی شت و مرۆڤ، و مـرۆڤم لـە نێـو شـتەکاندا کـرد. ئێسـتاش فـەرموون بـا پێکـەوە گـەر بـۆ ماوەیەکی کەمیش بووە گەشتێکی نێوشار بکەین و چاوێکمان بە خەڵکی و شتەکان بکـەوێ. مـن لێرەدا هەر هێندەم بۆ کـراوە کـە نـاوەکان و هێنـدێ حاڵـەتی ئینسـانی لـە چوارچێوەی شتەکاندا تۆمار بکەم. دیارە هەر یەکێك لەم ناوو حاڵەت و ئینسانانە بۆ خۆیان یادو یادگاریەکیان لە هـزرو بیری ئێمـەدا جـێ هێشـتووە. فـەرموون لەگـەڵ سـوکە مێوانییەکـەدا: مەیـدان و پەیکـەرەکان، سـێ ڕیان و چوار ریانەکان، کۆڵان و کوێرە کۆڵانەکان. ئاو و فـوارەو گیـاو گـوڵ، خـەڵکی و ئۆتـۆمبیلی بچووك و گەورەو عەرەبانەو پایسکل. سەگانی بچووك و گەورە، خەڵکی لـە هـەموو شـوێنێکدا، لـە پشـت پەنجەرەکانـەوە، لەسـەر شۆسـتەو نێـو شـەقامەکاندا، لەبـەردەم گلۆپـە سـوورو سـەوزو زەردەکاندا. فیزاح و ناڵە ناڵ و دەنگی دی. دووکەڵ و تەم و هـەڵم. پێکدا هەڵشـاخان و جنێـودان و خوێن رشتن و چەقۆی تامشتو لە ورگان رۆچوو. و تەنانەت گوللەو تەقەکردن. پاشـان هـەڵاتن.

هەنگاوی گورج و خێراو پێکدادانی لەناکاوی ئۆتۆمبیلان و شکانی هەموو جامخانەکانی شار. ئالآو گڵۆپ و خوێن و تابوت. پەکوپۆ و اناللە وانا الیە راجعون. گریانی بەردەم دیوارە بەرزەکان. دیــواری دی بــە دەوری کەلاوەکانــدا. کاغــەزی ســپی و رەش چــەویلکەو تفەنگــەکان. دەنگــی تەرزەبارین و لێزمەی باران. سەربازان. بولێڵی ئێوارەو سپێدەی بەیان، هاتووچۆی پیاوو ژنان لەم شەقامەوە بۆ ئەو شەقام. چاو داگرتن لە ژنانی هەرزەو خەتاکار. بانگ و سەڵای باوەشی شەو. گەشتی نێو فالچی و رەملچی و خەیاڵ پلاوان. گەشتی نێو گیرفان بڕان و سیاسەتمەداران و تاوانباران و گەوادان. گەشتی نێو باب مردوان و داك مردوان، باب کوژراوان و داك کوژراوان و هاو رەگەز بازان و شەهوەت پەروەران و قەدیسان و پاش ئەم هەموو گەشتە خۆسپاردن بە خەوی رۆژانە. ژنان و زندانیان و ئەوجا گڵۆپ و گڵۆپ تا ئەو پەڕی شەو. هەیقی لە جێ خۆدا تەزیوو ئەســتێرانی قوتبــەکان ئەشقەســاردو تــەزیوەکانی ژێــر درەختــانی گــەڵا رژاوو پــاڵ جۆگەلــە بۆگەنەکان. ئەشقی کەنار پشیلەی تۆپیوو زامی پیس کردوو.
شێتییەکی نەزۆکی لە رادەبەدەر بۆ تاوان و کوشتارو قەتل و عام.
هەراو هەنگامەو هاواری (ئینسانیەت و ئەمەشە چارەنووسی ئینسان) کەنەلێرەو نە لە شوێنی دیدا حسێبی چارەنووسی پشیلەی تۆپیویشی بۆ نەکراوە. رۆژنامەکان و قەحپەگەرێتی یاسا لە ناو پیتە وردو درشتەکانی چاپخانەکاندا. گەدایان، شەل و سەقەت و نوقسانان. شێتان، نیوە دەستان، نیوە لاق و نیوە ئەندامان و پێ شێل کراوان. پیرێژنان. پشت کوڵان و بانیژەکان. دەستانی هەڵواسراو و پڕ جولەو زیندوو مردوو. زاری پڕ جنێوی ژێر درەختانی پاکیزە. چاوانی کوێرو نیوە کوێرو بیناو شووشەیی و پرشنگدار. سینەی لاوازو مردوو، پان و پۆڕو ئەوجا پاڵەوانانە. ورگی قوپاو و بەتاڵ و برسی و نیوە بەتاڵ و نێوە پڕ. پڕترو پڕترین هەڵئاوساو و لە تەقین نزیك. فیکەو قامچی و هەراو هەنگامەو هەڵاتن و رێژنەی تەرزەو بەفرو پاش هەمووی تەنیایی. بانگ و سەڵایەکی دی. هەڵبوونی گڵۆپ، چاوان و ورگی برسی و هەمدیس تەنیایی. دووکەڵ و کورەو کوێری و تاریکی و شەوو وەستان لەبەردەم گڵۆپی سووری ئۆتۆماتیکی و لە فکران راچوون. رەنگەکان و مۆسیقای خێراو سرووده کۆنە سواوەکان لەگەڵ گۆڕانی ناجۆری حەیوانیدا. رەنگەکان و هەموو رەنگەکان لە پێناوی جۆشدایی شێتیدا. بۆ کڕوزی سووتاوی جەرگی ئینسان کە لەسەرجەم وشەکانی ئەم مێژووەوەو لە هەموو قۆناغەکانەوە هەڵدەستێ و بە شاردا بڵاو دەبێتەوە.
کالآی شێتی دڕواو بڕاو بە بالآی یەك بەیەکی ئێمەداو مێشکی پڕ کرمی ترسی ژێر سمی ولآخانی چەموشی بە رواڵەت ئینسان. و هەموو تیرەی بەشەر دەعوەت کراون تا شەڕخوازی ئێمە ببینن. تا شایەتی غروری خەوتوو و مردوی ئێمەبن. ئەمانەو هەزاران شت و مرۆڤ و حاڵەت و حەرەکەتی دی کە ئێوە هەمیشە میوانی ناوەختیانن و دەیان بینن.
شاعیر، لەسەر زەوی دەژی و دەبێ شایەتی بوونی شتەکان بێ. گەر زەمان و سەردەمی خۆی نەبینێ، ئەوە خیانەتی لە مێژوو کردووە. گەر شوێن و ژینگەی خۆی نەبینێ و نەبێ بە قازی و دادوەری رابووردوو، و شایەت و بینەری ئێستاو دەمڕاست و نوقلآنەلێدەری ئایندە، ئەوە

خیانەتی کردووە. شاعیر خوازیاری خوێن و هەڵچوون و ئەشقە، نەفرەت لە ملکەچی و داماوی دەکات. ئەگەر نوێنەری تیشك و جیلوەکانی سەردەمی خۆی بێ، ئەوا پاش مردنی، شیعرەکانی نەمری پێ دەبەخشن. چونکە شیعر لە نووسینی فەیلەسوف و کۆمەڵناس و رەخنەگر، پتر بەڵگە نامەیەکی مێژووییە دەربارەی سەردەمێکی تایبەتی. چونکە شاعیری رەسەن، لەسەردەمەکەی خۆیدا دەژی، بەڵام کۆمەڵناس و رەخنەگر تەنیا بیری لێ دەکەنەوەو جیاوازی ئەم دوو دەستەیە لە جیاوازی نێوان بیستن و بینینیش زێدەترە.

بۆدلێر دەڵێ: (خوا ئەو شتەیە کە بێ ئەوەی هەبێ حوکمڕانی دڵان دەکا.) ئەم گوتەیە بۆ شاعیری گەورەش راستە. بۆ وێنە حافز شاعیرێکی لەو بابەتەیە. حافز بەشێکە لە زمانی فارسی و پارچەیەکە لە کەسێتی یەك بەیەکی ئێمە. شاعیری چاك جگە لەمە چ شتێکی دی نییە. دەبێ لە ناو جەرگەی زماندا بژێ و یارمەتی ژیان و تەمەن درێژی زمان بدات. شاعیر لە پێشینانەوە دەست پێدەکاو ئاوێتەی نەوەکانی داهاتوو دەبێ. گەرچی ژیانی داهێنەرانەی شاعیرانەی شاعیر لە هێندێ ساتی تایبەتیدا دەگاتە لوتکە بەڵام پەیکەری ئەبەدیەت لەو ساتە تایبەتیانە دەتاشێ. هیچ تواناو دەسەڵاتێك ناتوانێ رازی شاعیر کلیل بداو هیچ کەسێك ناتوانێ خۆی بەسەردا بسەپێنێ و مل هوڕی لەگەڵ بکا. شاعیری چاك دەبێ هێندە ئاوێتەی شیعری خۆبێ کە ببێ بە شیعر. شیعر دەبێ بگاتە ئاستێکی هێندە گەورە کە ببێ بە سەرجەمی زمان.

دایلان تۆماس لە شیعرێکیدا دەڵێ:

*من زمانی بەشەر*
*لە هەوەڵین یاسای*
*شەهوەت و غەریزە بەشەرییەکانەوە*
*فێر بووم،*
*تا شێوەی بیرەکان*
*لە قاڵبی زەیندا دابڕێژم.*
*ورستی وشەکان*
*سەر لە نوێ بهۆنمەوە.*
*ئەو وشانەی کە بە میراتی*
*لە مردوانی خەوتووی نێو*
*گۆڕی بێ هەیڤە شەو ماونەتەوە*
*ئەو مردووانەی چیدی پێویستیان*
*بە دەستەمۆ کردنی*
*وشەکان نییە.*

## حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی 1951دا لەدایك بووە.
- لە ساڵی 1975 کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی ( هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو ) کە لە ژمارە ( 170 ) ڕۆژنامەی هاوکاری لە 1973/6/8 بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی 1975ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك, نووسەری کوردستان, کەلتوور, نووسەری کورد, گوڵانی عەرەبی, ئاڵای ئازادی تا ژمارە 00222, گۆڤاری نەوشەفەق.
- جگە لە ناوی خۆی, بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك, نووسەری کوردستان, کەلتوور, ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: 222 بەناوی گۆڤەند, زنار, سیپان, پاکزاد, محەمەدی حاجی, سیروان عەلی, دیدار هەمەوەندی, هێژا, ح. ع هامون زێیاری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.
- جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبووە, لە ساڵی 1974 – 1975دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە, لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ, بێ وابەستەگی حیزبی, پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات, چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.
- لە هەشتاکانەوە تا ئێستا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە, لێ زۆربەی هەرە زۆریان, بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاو بوونەتەوە, لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان ڕزگار بوون. هەندێك لە وانە:

1- تیرۆژ, کۆ چیرۆك, چاپی یەکەم 1979
2- کۆچی سوور, ڕۆمان, چاپی یەکەم 1988
3- بەیداخ, چیرۆك, 1988
4- داوەتی کۆچەرییان, کۆ چیرۆك چاپی دووەم 2005
5- لە خۆ بێگانە بوون, کۆمەڵە چیرۆك, چاپی یەکەم ( 1999 ) دەزگای گوڵان
6- کوچ سرخ, کۆ چیرۆك, بە فارسی, وەرگێڕان چاپی یەکەم 1987 شاخ

7- نینا, رۆمان, سابت رەحمان, دوو چاپ, شاخ, شار 2002

8- نامۆ, رۆمان, ئەلبیر کامۆ, دوو چاپ, شاخ, شار 2003 دەزگای ئاراس، چاپی سێیەم 2007، ئینتەرنێت.

9- رێبەر, رۆمان, مەهدی حسین, یەك چاپ (شاخ)، چاپی دووەم، 2007

10- شکست, رۆمان, ئەلکساندەر فەدایەف, چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم: 2007 ئینتەرنێت.

11 – هاومالەکان, رۆمان, ئەحمەد مەحمود, دوو چاپ, شاخ, شار 2000 گولان

12- بێناسنامەکان, رۆمان, عەزیز نەسین, 3 چاپ شاخ, شار 2003

13- قوربانی, رۆمان, هیرب میدۆ, چاپی یەکەم 2004 دەزگای شەفەق

14- دووره ولات, رۆمان ع. ڤاسموف, چاپی یەکەم2000 دەزگای گولان

15- ئازادی یا مەرگ, رۆمان, کازانتزاکیس, چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: 2008

16- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی, دوو چاپ, شاخ, شار 2004 کتێبخانەی سۆران هەولێر

17- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی, چاپی شاخ 1985

18- دلێریی خۆراگرتن, ئەشرەفی دەهقانی, چاپی شاخ

19- مەسەلەی کورد لە عێراقدا, عزیز شەریف

20- مێژووی رەگ و رەچەلەکی کورد, ئیحسان نوری پاشا, یەك چاپ

21- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ, مەسعودی ئەحمەد زادە, چاپی شاخ

22- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو, د. کوینتەر دیشنەر, چاپی شێیەم 2004 دەزگای ئاراس

23- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس, نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم 2006

24- گوزارشتی مۆسیقا, د. فۆاد زەکەریا. چاپی یەکەم، یانەی قەڵەم: 2006

25- دەربارەی شیعر و شاعیری, رەزا بەراهەنی.چاپی دووەم، 2007

26- ڤنسنت ڤان گوگ, شانۆنامە, باول ئایز لەر

27- بە دوعا شاعیرەکان, شانۆنامە, جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:12)

28- جولەکەکەی مالتا, شانۆنامە, مالرۆ.

29- داد پەروەران, شانۆنامە, ئەلبیر کامۆ.

30-بەد حالی بوون, شانۆنامە, ئەلبیر کامۆ.

31- چاو بە چاو, شانۆنامە, گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)

32- ریچاردی سێیەم, شانۆنامە, شەکسپیر.

33- گەمەی پاشا و وەزیر, شانۆنامە, عەبدوللائەلبوسێری.

34- کورد لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام دا, چاپی یەکەم 1998 وەزارەتی رۆشنبیری.

35- هونەر و ژیانی کۆمەلایەتی, پلیخانۆڤ, چاپی یەکەم 2005 دەزگای موکریانی

36- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت, ئیڤلین رييد، چاپی یەکەم، 2006

37- لێکدانەوەیەك لە مەرنامۆ, لویس ریی.
38- مندالە دارینە, چیرۆکی درێژ بۆ مندالان.
39- فاشیزم چیی؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ مندالان, یەلماز گونای
40- شوانە بچکۆلەکە, چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ مندالان
41- زارۆکستان ( چوار شانۆنامە بۆ منالان )
42- لە گە نجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. ( ئەفسانەی ئەسپی ئاشق )
43- کۆمەڵێك ئەفسانەی جیهانی ( 23 ئەفسانە )
44- زندە خەون, کۆمەڵە چیرۆکی چیخوف, چاپی یەکەم ( 2001 ) دەزگای موکریانی
45- ئەفسانەیێن گریکی و رۆمانی, چاپی یەکەم ( 2004 ) کتێبخانەی سۆران, هەولێر
46- جیّ پیّ, کۆمەڵێك چیرۆکی فارسی چیرۆکنووسان :( سادقی هیدایەت, جەلال ئال ئەحمەد, بوزرگی عەلەوی, سادقی چوبەك, مەنسوری یاقوتی ) چاپی یەکەم: 2006
47- چیرۆکستان, کۆمەڵێك دەق و رەخنە, چاپی یەکەم 2005 نووسەرانی کەرکووك
48- چۆنیەتی فێر بوونی زمانی فارسی, چاپی یەکەم ( 2000 ) حەمە کەریم عارف
49- گۆڤەند و زنار ( فەرهەنگی فارسی – کوردی ) حەمە کەریم عارف
50- پەلکە رەنگینە, حەمە کەریم عارف, چاپی یەکەم ( 2004 ) وەزارەتی رۆشنبیری
51- کۆمەڵێك چیرۆکی بێگانە (ئەو رۆژەی کە ون بووم ) چاپی یەکەم .2006
52- چزیشفسکی, فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
53- چایکۆ فسکی, ژیان و بەرهەمی.
54- ئیدگار ئالین پۆ, ژیان و بەرهەمی.
55- جاك لەندەن, ژیان و بەرهەمی
56- گوگول, نووسەری ریالیست
57- یەڵماز گونای, ژیان و بەرهەمی
58- سادقی هیدایەت, ژیان و بەرهەمی
59- خافرو غ لە شیعر دەدویّ, ژیان و بەرهەمی
60- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
61- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیات دا, چاپی یەکەم ( 2004 ) دەزگای سپیرێز
62- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا ( بە شەریکی ) چاپی یەکەم ( 2001 ) دەزگای گولان
63- راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا, حەمە کەریم عارف
64- دیدار و دەق و رەخنە. چاپی یەکەم ( ......
65- دیداری چیرۆکشانی. چاپی یەکەم ( ......
66- قوتابخانە ئەدەبییەکان, رەزا سەید حسەینی.( چاپی یەکەم 2006، دەزگای موکریانی )
67- ناودارانی ئەدەب, حەمە کەریم عارف
68- هەزار تۆپی شیعری نوێخوازی و چەند باسێکی دی, حەمە کەریم عارف.

69- **کورد له سەدەی نۆزدە و بیست دا, کریس کۆچرا, چاپی یەکەم** 2003 **کتێبخانەی سۆران**

70- **مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ( له کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین ).**

71- **مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ( له سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا ).**

72- **مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ( ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان له سەرەتاوە تا ئێستا ).**

73- **چینی کۆن**

74- **دەربارەی رۆمان و چیرۆك**

75- **پەیڤستانی من**

76- **ئەو بەرخەی که بوو به گورگ**

* **له راپەرینەوە تا نهوو چالاکانه بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات و بەرهەمی هەمە جۆر ( نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان ) بلاو دەکاتەوە..**

* **ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بلاو کردنەوەی هەبن, دەبێ پرس به نووسەر بکات...**